# مەسەلەی کورد
# لە
# عێراقدا

ن: عەزیز شەریف

و: حەمە کەریم عارف

٢٠٠٥

((ئینسانی عەرەب نە بۆی هەیەو نە لە قازانجی ئازادی ئەودایە کە ببێ بە قامچی دەستی جەلادانی داگیرکەر تا بیکا بە ئاگری گیانی نەتەوە چەوساوەکان و لەسەر پشتیان بیپچڕێ))

(نصیر)

# لێکۆڵینەوە

# مەسەلەی کورد لە عێراقدا

نووسینی : عزیز شەریف

وەرگێڕانی : حەمە کەریم عارف

ناوی کتێب: مەسەلەی کورد لە عێراقا
نووسینی: عەزیز شەریف
وەرگێرانی: حەمە کەریم عارف
تایپ: سروشت
هەڵەچن:سەرگوڵ مەمەد ئەمین
چاپی یەکەم: ١٩٨٨ ، بەرگەڵو
چاپی سێیەم: ٢٠٠٥

# پێشەکی وەرگێڕ

ئاشـکرایە کـە خـەباتی کوردسـتان وەکـو چـۆن لـە سـەرەتای پەیـدا بـوون و سـەرهەڵدانییەوە رووداوێکی گرنگ بووە ئێستاش هەمان پایەی گرنگ و بگرە زیاتریشی هەیەو دەتوانێت دەوری یەکجار سەرەکی و گرینگی لە شۆڕشی سەر لەبەری ناوچەکەدا هەبێ و ببێ بە فاکتەری بە ئاکام گەیاندنی بزووتنـەوە شۆڕشگێڕییەکانی ئەم ناوچەیە...... بۆیـە بایـەخ و گرینگـی کوردسـتان و خەباتی نەتەوەیی کورد تەنیا لەوەدا نییە کە هەر لە سەرەتاوە مەیدانی خەباتی جەماوەری بووە دژ بە دەسەڵاتی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان و نۆکەران... بەڵکو لەوەدایە کە ئەم مەیدانە گرینگە بپارێزرێ و گەشەی پێ بدرێ و بکرێت بە مەڵبەنـدی هەڵگیرسـاندنی شـۆڕش و شۆڕشـگێڕاندنی هـەموو زەحمەتکێـشانی ناوچـەکە و تـەنیا وەکـو پەناگەیـەك نەهێڵرێتـەوە و بکـرێ بـە بنکـەی شۆڕشگێڕیی خـەباتی خـەڵکانی ناوچەکە، دیـارە ئـەم کـارەش تـەنیا ئـەرکی شۆڕشـگێڕانی کـورد نییە. بەڵکو ئەرکی سەر شانی هەموو شۆڕشگێڕێکی ناوچەکەیە... چونکە بـە خۆیـان دەزانـن کـە هەڵوێستی سستی وان دەرهەق بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان چ ئاکام و ئاقیبـەتێکی خەتەری دەبێت و.. چەند زیان لە بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی ناوچەکە دەداو چۆن زەمینە بۆ زاڵ بوونی رەوتـی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرسـتی خـۆش دەکات. بۆیـە شۆڕشـگێڕانی ناوچـەکەو دڵسۆزانی بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕانەو پێشکەوتووخوازانەی نەتـەوەی کـورد نـابێ دوورە پـەرێز بووەستن و وا بڕواننە کوردستان کە تەنیا مەڵبەندی خەباتی کوردە دژ بە زوڵم و زۆری نەتەوەیی و پەیوەندییەکی ئەوتۆی بەسەر لەبەری بزاڤی شۆڕشگێڕانەی ناوچەکەوە نییە. بـەڵکو دەبـێ بـەو مەڵبەندو بنکە شۆڕشگێڕییەی بزانن کە هاوسەنگی سیاسی ناوچەکەی پێوە پەیوەستەو کلیلـی رزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی هەموو ناوچەی رۆژهەڵاتە.

بۆیـە پێویـستە خـەڵك و هیـزو گـروپ و رێکخـراوە سیاسـییە شۆڕشـگێڕەکان کـەڵك لـە تەجرەبـە و ئـەزموونی هێـزو گـروپ و رێکخـراوە بـەناو مارکسیـستەکانی پێـشوو وەربگـرن و کـەم و زۆر کەمتەرخـەمی بەرانبـەر بـە دۆزی رەواو پێـشکەوتنخوازی نەتـەوەی کـورد نـەنوێنن و دەنـا هـەمان لۆمەی مێژوویی و بگرە زیاتریشیان دێتەسەر، چونکە بەشێکی ئاکامـەکانی بزاڤـی نەتەوەکـەمان —بەچاك یان خراپ— دەکەوێتە ئەستۆی وان و لە بەردەم مێژووی خەباتی رەوادا بەرپرسیارن.

ئەگـەر چـاوێك بـەوەزع و حـاڵ و بـارو زروفی ئێـستای ناوچـەی رۆژهەڵاتـدا بگێـڕین و کـەمێك لـە کێشمانەکێش و ململانێی ئیمپریالیستی و پیلانی ئیمپریالیزمی جیهانی وردبینەوە، بە ئاشـکرا بۆمـان دەردەکـەوێ کـە بایـەخی کوردسـتان لـە روانگـەی شـۆڕش و شۆڕشـگێڕییەوە رۆژ بـە رۆژ گـرینگتر دەبێـت و... دەشـێت بـبێ بـە ئاسـۆی هیواکـانی گـەلی کـوردو گـەلانی زۆرلێکـراوو زەحمەتکێشی ناوچەکە، کوردستان خەریکـە لـەوە دەربچێت کـە تـەنیا پەناگـە یـان هـەر بنکـەی

بەرەڤانی و مقاوەمەت بێ و بەس، بەڵکو بەرەو ئەوە دەچێت ببێ بە ئالاهەڵگری شۆڕش و خاڵی سەرکەوتن لە عێراق و هەموو ناوچەکەدا.

ئا ئەمەیە شوێن و جێگەی کوردستانی شۆڕش، بۆیە دڵنیاین کە فاکتەری سەرەکی هاوکێشەی گۆڕانکارییە شۆڕشگێڕییەکانی ناوچەکە پێك دێنێ و غافڵ بوون لەم –دەورە گرینگەی کوردستان لەلایەن هەر شۆڕشگێڕێکەوە– غافڵ بوونە لە شۆڕشی سەر لەبەری ناوچەکە، هەڵبەتە ئەم شوێن و جێگە ستراتیژییە تا زیاتر ببێ بە قوتابخانەی گوزارشتکردن لە قازانج و بەرژەوەندی جەماوەری خەڵکانی چەوساوەو جووتیارانی هەژار، پتر دەچەسپێ و دەبێ بە قەڵای مکومی شۆڕش.

ئاشکرایە تەسکبینی کوردان و نەبوونی جیهانبینی روون و ستراتیژییەتی مەعلوم و دڵخۆشکردنیان بە دەستکەوتی کاتی و ناچیزەو لە سایەی رژێمانی نۆکەردا، خۆی لە خۆیدا بایەخی ئەم بنکە شۆڕشگێڕییە کەمدەکاتەوەو وریا نەبین لە دەستمان دەچێت و دەکەوینە گێژاوی کۆمەڵێك سازشکاری ریفۆرمیستیەوەو مێژووی بزووتنەوەکانی ناوچەکە و مێژووی بزووتنەوەی بەردەوامی کورد لەم بارەیەوە پڕە لە تەجرەبەی دەوڵەمەند و دەشێت سوودی لێوەربگیرێ.....

دیارە هەر بزاڤێکی شۆڕشگێڕانە رژد نەبێت لەسەر وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی، یان سازشی لەسەر بکات ناکرێ بە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لە قەڵەم بدرێ... چ ئاکامێکی ستراتیژی شۆڕشگێڕانە بەدەست نایەنێت و ئەو پەڕەکەی ئەوەیە لە بازنەی خەباتی ریفۆرمیستیدا هەنگەڵە شەلێی خۆی دەکات. بۆیە وەختی ئەوە هاتووە هەموو شۆڕشگێڕانی ناوچەکە و دڵسۆزانی گەلی کورد هاودەنگ لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کوردا بە دەنگی بەرزو بە راشکاوییەوە ئەوە رابگەیەنن کە گەلی کورد وەك هەر گەلێکی دی ئازادە لە دیاریکردنی ماف چارەنووسی خۆی و دەبێ خەباتی لەبەر رۆشنایی وەزع و حاڵ و بارو زروفەکاندا یان لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆدا بێ یان لە پێناوی فیدراڵیەتی ئارەزوومەندانەدا بێ کە تێکۆشەر عەزیز شەریف ئەم دوو خاڵە و پەیوەندی پتەویانی بە جوانی لەم کتێبە بەنرخەیدا (مەسەلەی کورد لە عێراقا) روونکردۆتەوە و پێویست ناکات ئێمە لەم کورتە پێشەکییەدا چیدی لەسەری بڕۆین.

بەر لە کۆتایی دەبێ ئەوە بگوترێ کەوەختی ئەوە هاتووە کە خەڵکی شۆڕشگێڕو جەماوەری چەوساوەی کورد دەستبەرداری گۆشەگیری نەتەوەیی و هەموو خەباتێکی ریفۆرمیستی بن و لەوە حاڵی بن کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانی کورد چ رۆڵێکی گرینگی لەسەر چارەنووسی خۆیان و سەرانسەری ناوچەکە هەیە، کارێکی وا بکەن هەموو شۆڕشگێڕانی ناوچەکە وەکو پێویست بە پیرییەوە بێن و هاوکاری لە تەکدا بکەن و ئەم مەیدانە بکەن بە مەشخەڵی داگیرساوی شۆڕشی ناوچەکە.

لە کۆتاییدا داوای لێبوردن لە مامۆستای تێکۆشەر عەزیز شەریف دەکەین کە بەبێ پرس ئەم کتێبەیمان وەرگێڕاوە هەر چەندە دڵنیاین پێی خۆشە بیرو بۆچوونە زانستییەکانی بە زمانی

کوردی لە نێو شۆڕشگێڕانی کوردا بڵاوببێتەوە. هیوادارین راوبۆچوونە شۆڕشگێڕییەکانی جێی شایستەی خۆیان لە بیرو بیرکردنەوەی خوێنەری کوردا بکەنەوە..... **وەرگێڕ**

**یاخسەمەر: ١/١٩٨٨**

## پێشەکی چاپی دووەم

مادامێکی عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، بێگومان چارەسەری کێشە سەرەکییەکانی یانی – کێشەی رزگار بوون و پەرەسەندنی– بەندە بە چارەسەری مەسەلەی ئەو نەتەوانەی کە تێیدان، بۆیە هەر تێکۆشەرێکی دژ بە ئیستعمار و هێزە کۆنەپەرستە نۆکەرەکانی ئیستیعمار، هەر تێکۆشەرێکی رێگای ئازادی و پەرەسەندنی ئەم وڵاتە، لە سەرێتی ئەرکی سەرەکی خەباتی خۆی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی بە شێوەیەکی ئەنتەرناسیۆنالیستانەی پرۆلتیارییایی تەرخان بکات: چارەسەرێك کە گشت دەرفەتێکی نەژادپەرستی و هەڵاوێردەی رەگەزپەرستی و چەوسانەوە و سەرکوت کردنی نەتەوەیی بسڕێتەوە، چارەسەرێك لەسەر بناغەی ئازادی کەمە نەتەوە چەوساوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا، بنیاتبنرێ، چارەسەرێك کە بەر لە هەموو شتێك چارەسەری مەسەلەی کورد، مەسەلەی ئازادی گەلی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا بەمافی جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆشەوە دابین بکا.

بەڵام وێڕای چاوپۆشی لە سیاسەتی رەگەزپەرستانەی ئیستعماری و چاوپۆشی لە شۆڤینیزمی بۆرژوایی کۆنەپەرست سەیر دەکەین پێشکەوتووخوازانی عەرەب لە عێراقا وەکو پێویست بایەخیان بەم حەقیقەتە نەداوە.

بۆیە چاپی یەکەمی ئەم نامیلکەیە رووی گلەیی و لۆمەی کردبووە بەناو (بەرەی پێشکەوتوخوازان) ئەویش لەبەر (هەڵوێستی سستی دەرهەق بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد... هەر چەندە کۆمەنیستەکان باوەڕیشیان بە ئازادی نەتەوەی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا هەیە، کەچی دروشمێکی بەهێزی ئەوتۆیان تێدا پەیدا نەبوو کە بەرزی بانگەواز بۆ ئەم پرانسیپە بکاو بڵاوی بکاتەوەو بیکاتە هێزێکی هاندەر و بزوێنەر).

کەچی بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەم و دوژمنایەتی زەقی ئەو چارەسەرە لینینیستییەی کە گرتبوویە خۆ، پەردەی لەسەر کورتبینی ئەو رەخنەیە هەڵماڵی، پاش ئەوەی جەماعەتی قاعیدە بە چەکی بێدەنگی بەگژ ئەم نامیلەکەیەدا چوون و بەو چەکی بێدەنگییە بۆیان خەفە نەکرا، پەنایان بردە بەر پەلاماردانی ئاشکراو لە ژمارە ٩ی رۆژنامەی القاعیدە (ناوەڕاستی تشرینی دووەم ١٩٥٠) بەم جۆرە باسی نامیلکەکەیان کردووە کە: (مەسەلەکە بەو شێوەیە چارەسەر دەکات ئۆپۆرتۆنیستەکان زۆریان دەهۆڵ بۆ لێداو بە کەیفی (لە دەقەکەدا وا هاتووە) داگیرکەران بوو.... و وایان لە قەڵەم دا کە (هۆیەکە لە هۆیەکانی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تیتۆیست و

ترۆتسکیەت). هەر بەوەندەشەوە نەوەستان و هاتنە ئاستی ئەوەی ناوی عەزیز شەریف بزڕێنن: چونکە دانەری ئەم لێکۆڵینەوەیەیە.

لە ژمارەی دواتردا کەوتنە لێدانی ئەو قەوانەی کە جەماوەری کورد دژ بە عەرەب هاندەدا و بوختانێکی چەپەڵیان هەڵبەست و بە راشکاوی رایان گەیاند کە دانەر (نصیر) لە باڵیۆزخانەی ئینگلیستاندا ژوورێکی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە.

بەو جۆرە ئەم جەماعەتە دەریان خست کە هەڵەکەیان لەمەڕ چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی نەك هەر هەڵەیەکی تیۆریکییە بەڵکو لادانێکە بە بوختان و تانەی کرێت و بازاڕی پشتیوانی لێدەکەن، بێ ئەوەی بایەخ بە زەرورەتی دڵسۆزی بۆ حەقیقەت و موناقەشەی زانستیانەی پاکی حەقیقەت بدەن تا روو ببێتەوەو هوشیاری جەماوەر لەسەر بناغەی تێگەیشتنی حەقیقەتە زانستییەکانی مارکسیزم یان حەقیقەت وەکو چۆن هەیە بنیات بنرێ.

بەڵام دەبینین ئەم نامیلکەیە لە لایەکی دییەوە چەشنە بایەخێکی دی درایێ (کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان– عێراق) سڵاوو سوپاسگوزاری بۆ دانەر نارد و سەبارەت بە نامیلکەکە دەڵێ: (تاقە لێکۆڵینەوەیەکی زانستانەی دروستە لەمەڕ مەسەلەی کورد بەزمانی عەرەبی).

ئێستایش ئەگەر سەیری ئەو خزمەتە بکەین کە ئەم نامیلکەیە بە مەسەلەی کوردی کردووە لە عێراقا دەبینین کە:

***یەکەم***: بۆ یەکەم جار لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریماندا سەرنجی بۆ چارەسەری لینینیستانەی مەسەلەی نەتەوەیی راکێشاوەو چۆنێتی تەتبیق کردنی ئەم چارەسەرەی لە عێراق و لەسەر مەسەلەی کورد خستە روو.

***دووەم***: کێشەکانی ئەم مەسەلەیەی وروژاند و هەندێ لەو رێکخراوو کەسانەی کە لە مەیدانی بزووتنەوەی نیشتمانیدا کار دەکەن، راکێشایە ناو موناقەشەکردنی ئەم مەسەلەیەوەو ئەمەش کردییە کارێ کە ئەم مەسەلەیە پایەیەکی دیار لە ناو مەسەلەکانی تێکۆشانماندا وەربگرێ پاش ئەوەی بەشێوەیەکی رەوتەنی و لام سەرلایی سەیر دەکرا، هەروەها ئەو ئاماژە گشتی و ئاڵۆزانەی لەمەڕ ئەم مەسەلەیە هەبوون، هەمووی رەواندەوە.

***سێیەم***: لەبەر ئەمە مەحەکێك بوو بۆ دەرخستنی دیدو هەڵوێستی راستەقینەی هەر رێکخراوێك لەمەڕ ئەم مەسەلەیە. ئیدی هەڵوێستی ناتەبایی ئەم لایەنانە دەربارەی ئەم بابەتە، لە باوەڕبوونی روت و ئاڵۆز بە مارکسیزم و بە ئازادی ماف دیاریکردنی چارەنووسەوە گۆڕا بۆ هەڵوێستێکی پراتیکی، ئەو هەڵوێستەی کە حەقیقەت و رادەی نزیکی یا دووری و تەنانەت دژایەتی ئەم رێکخراو یا ئەو رێکخراو لەم پرەنسیپە دەردەخا.

لە ماوەی بلاوبوونەوەی چاپی یەکەمدا بازنەی کێشمانەکێش لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی بەگشتی و لەسەر مەسەلەی کورد بەتایبەتی بەرین بۆوە. لە تەموزی ١٩٥١دا رەشنووسی

پەیماننامەی (مسودە میثاق) حزبی یەکێتی کۆمۆنیستان لە عێراقدا بڵاوبووەوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٥دا دوا شێوەی پەیڕەوی ئەم حزبە بڵاوبووەوە، ئەو پرانسیپانەی لەم نامیلکەیەدا دەربارەی مەسەلەی نەتەوەیی خرابووە روو، بەمجۆرە لە بڕگەی (د) مادەی دووەمی پەیڕەوەکە رەنگیان دابووەوە.

(تێکۆشان لە پێناوی ئازادی ماف دیاریکردنی چارەنووس بۆ کەمە نەتەوەکان و نەهێشتنی چەوسانەوەی نەتەوەیی و تایەفەگەری لە پێناوی روخاندنی پایە مادییە ئیستیعماری و ناوچەییەکاندا، لە پێناوی روخاندنی پایەی ئەو رەگەزە فیکرییانەی کە رەگەزپەرستی و تایفەگەری لەسەر دەوەستێ، لە پێناوی پەروەردەکردنی جەماوەر بە گیانی یەکێتیی برایانەی ئەنتەر ناسیۆنالیستی و یەکخستنی خەباتیانا هەڵبەتە ئەم کارەش لە مەیدانی پراتیکا بەدوو رێگا دێتە دی:

***یەکەم***: بە خەباتی جەماوەری عەرەب لە پێناوی ئازادی ماف دیاریکردنی چارەنووس و یەکسانی راستەقینە و پەرەسەندنی ئازاد بۆ کەمە نەتەوەییەکان، دیارە ئەمە ئازادی جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ نەتەوەی کورد دەگرێتەوە.

***دووەم***: هاندان و بانگهێشتی جەماوەری کەمە نەتەوەکان بۆ کۆنفدراڵی نێوان گەلان.

ئەم لێکۆڵینەوەیە –هەرچەندە کاریگەرییەکەی زۆر دواکەت– کاری کردە سەر رێبازی خودی جماعەتی قاعیدەو ئەوە بوو پاش نزیکەی چوار ساڵان عینادی و خۆ بەزل زانی، پەیماننامە کۆنەکەی خۆیان (پەیماننامەی فهد) کە دانی بە مافی چارەنووسی گەلی کوردا نەنابوو، لابردو لە ئازاری ١٩٥٣دا پەیماننامەیەکی نوێیان لە بری ئەوەی فهد داناو ناچاربوون لەم پەیماننامە نوێیەدا ئاوڕێ لە چارەسەرە لینینیستییەکەی ئێمەو لە مەسەلەی دەسەڵات بدەنەوە. پەیماننامە کۆنەکە مەسەلەی دەسەڵاتی لەبەر ڕۆشنایی (چاککردنی) ئەو سیستەمەی کە هەبوو و لەبەر ڕۆشنایی دەستووری عێراقی–دەستووری وەزارەتی کۆڵۆنەکانی ئینگلستان– هەڵدەسەنگاند و هەر لەو پێودانگەوە وبەمجۆرە باسی مەسەلەی نەتەوەیی لە ماددەی دەیەمدا کردووە (دابین کردنی مافی یەکسانی ڕاستەقینە بۆ کەمە نەتەوەکانی کورد (لە دەقەکەدا بەو جۆرە هاتووە) لە لەگەڵ ڕەچاوکردنی مافی جماعەتە نەتەوەیی و نەژادە بچووکەکانی وەکو تورکمان و ئەرمەنی و یێزیدی. )

ئەگەر واز لەو شپرزەیی و ئاڵۆزییە بینین کە دەستەواژەی (ڕەچاوکردنی مافی جماعەتە......هتد) گرتوویەتییە خۆ، دەبینین مەسەلەی کوردی هێناوەتە سەر (دابین کردنی یەکسانی...... هتد) لەبری ئازادی مافی دیاریکردنی چارەنووس. ستالین ئەوەی روون کردۆتەوە کە (یەکسانی گەلان لە سایەی ئیستعماردا گاڵتە کردنە بە گەلانی چەوساوە) بەڵام پەیماننامەکەی باسم (ئازاری ١٩٥٣) لە ماددەی (١٢)دا (داننان بە مافی چارەنووسی گەلی کورد

بەمافی جیابوونەوەشەوە)ی تۆمار کردووە. باسم دەربارەی هەڵوێستی پەیماننامە کۆنەکە دەرهەق بە مەسەلەی نەتەوەیی دەڵێ (هەڵوێستێکی ئۆپۆرتونیستانەو هەڵەیە) (بڕوانە دەربارەی دەستکاری پەیماننامەی حزب نیسانی ١٩٥٣ ل٥ ) بەڵام پاش تێپەڕبوونی یەك ساڵ (قاعدیستەکان) دەست بەرداری هەردوو پەیمانەکەی باسم ١٩٥٣و فەهدیش بوون. سکرتێر لە راپۆرتی (بەرەی خەباتی نیشتمانیدا- ئازاری ١٩٥٤ل ٤٦) دەڵێ (هەردوو پەیماننامە فیکری و جەماوەرییەکە لە هەلومەرجی ئێستادا کەلا دەخرێن و بە خۆمان رەشنووسێکی دیکە بۆ پێڕەوی حزب دادەنەین.... هتد) ئەدی پاش هەڵوەشاندنەوەی هەردوو پەیماننامەکە هەڵوێستیان دەربارەی مەسەلەی کورد وەرگرت؟

یەکەم: راپۆرتەکەی سکرتێر عوزرخوایی ئەوە دێنێتەوە کە پەیماننامەکەی فهد ئازادی دیاریکردنی چارەنووسی فەرامۆش کردووە، ئەوجا ئازادی ماف دیاریکردنی چارەنووس وئەو شتەی کە خۆی ناوی بانگەوازی جوداخوازی لێدەنێ، تێکەڵ دەکا، پاش ئەو تێکەڵ کردنە دەگاتە ئەم ئەنجامەی کە بانگەوازی جوداخوازی یەکێتی خەباتی هاوبەشی نێوان نەتەوەکان سست و کز دەکات. دیارە بەم تێکەڵ کردن و ئەنجام گیرییە راستەو راست دژ بەم لێکدانەوەیەی ستالین دەوەستێ کە دەڵێ (بەبێ ئەمجۆرە تێکۆشانە، "تێکۆشان لە پێناوی ئازادی ماف دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە چەوساوەکان" تەنانەت بیرکردنەوەش لە پەروەردە کردنی چینی کرێکاری نەتەوەی سەردەست بەگیانی ئەنتەرناسیونالی راستەقینە و بەگیانی یەکێتیی لەگەڵ جەماوەری زەحمەتکێشی ولاتانی پاشکۆو کۆلۆندا مەحاڵە).

ستالین بەمجۆرە مەسەلەی خەبات لە پێناوی ئازادی ماف دیاریکردنی چارەنووس لە جێی شیاوو دروستی خۆیدا دادەنێ و بە بناغەی دەزانێ بۆ پەروەردەکردنی جەماوەر بە گیانی ئەنتەرناسیۆنالیستی و بە گیانی یەکێتی.

دووەم: کەچی بە بیانووی (بانگەوازی جودا خوازییەوە) راپۆرتی قاعدیستییەکان دەشێوێنێ، باشە کێ لەسەر هەقە، ستالین یا راپۆرتی جماعەتی قاعیدە؟ وەڵامەکە ئاشکرایە. راپۆرتی قاعدیستەکان لەسەر بوختان هەڵبەستن دەڕوات و دەڵێ (حزبمان بانگەوازی جوداخوازی ناخاتە پێش بانگەوازی یەکێتییەوە... هتد) ئەوجا راپۆڕتەکە پرانسیپ لەگەڵ دروشمی رۆژدا تێکەڵ دەکاو دەڵێ( ئایا مەسەلەی گرنگ و هەڵیگیرساوی ئێستاکێ، مەسەلەی جیابوونەوەیە یا مەسەلەی بوونی دەسەڵاتی ئیستعمارییە؟). باشە کێ گووتوویەتی ماف گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسیاندا تەنێ ئەو کاتە اعتراف پێ دەکرێ کە ببێ بە مەسەلەیەکی گرنگ و هەڵگیرساو؟ ئەمە شوڤینیزم نییە؟ ئەدی شوڤینیزم چۆنە؟ ئەنجام ئایا راپۆرتەکە کە بە (ئەساس نامەی چالاکیی حیزب -واتە وەکو پێڕەوی حزب هاتە ژماردن- دان بە ئازادی ماف دیاریکردنی چارەنووسدا ئەنێ یا نکۆڵی لێدەکات؟ شتێکە ناڕون، نەدانی پێدا دەنێ و نە نکۆڵی لێدەکا. مەسەلەکە دەخاتە ئیختیاری ئەو کەسەوە کە پەیڕەوەکە دادەنێ.

سەیر دەکەی لە لاپەڕە (٤٥)دا دەڵێ: (مادامێکی مەرج نییە چینی کرێکار بەشداری و رابەرایەتی دەسەلأتی حکومەتی نیشتمانیی دیموکراتیك بکا ئیدی نەدەکرێ و نە دروستە ئەرکی ماف دیاریکردنی چارەنووس و ماف جیابوونەوەی سیاسی گەلی کوردی بخرێتە ئەستۆ. بەلأم دەسەلأتی نوێ واتە دەسەلأتی دیموکراتیکی میللی کە مەرجە چینی کرێکار و حزبی کۆمۆنیست رابەرایەتی بکات، شایستەیی تەواوی هەیە کە ئەم مافە ئەنتەرناسیۆنالییە لە مەیانی پراتیکدا جێیەجێ بکات....) بەلأم مادامێکی راپۆرتەکە گلەیی لە پەیماننامەی (باسم) دەکات کە دیموکراسی گەلی هێناوەتە ئاراوەو ئەم کارە بە نابەجێ دەزانێ و لەم بارەیەوە دەڵێ (هەڵەیەکی گەورەیە، غەڵەتی –پان چەپییە–) کەواتە بە شێوەیەکی پەنامەکی بانگەوازی ئازادی ماف دیاریکردنی چارەنووس (لەم قۆناغەدا) ئینکار دەکات و بەمجۆرە لە نێوان ئینکارکردن و پشت گوێ خستندا دێ و دەچێ.

بەلأم جماعەتی (رایە الشغیلە) کە لە ئەنجامی جیابوونەوەی قاعدیستەکان لە ساڵی ١٩٥٣دا دروست بوو، گەڕانەوە سەر پەیماننامەکەی فهد، ئەو پەیماننامەیەی کە پەردەیەکی دا بەسەر ئازادی ماف دیاریکردنی چارەنووسدا و (یەکسانی لە مافدا)ی خستە جێی –ماددەی دەیەمی پەیماننامەی ناوبراو.

**بەغدا – ئابی ١٩٥٥**
**نصیر**

## مەسەلەی کورد لە عێراقـا

## بەشی یەکەم

### ١- بەرکوتێکی مەسەلەکە

مەسـەلەی کـورد لـە عێراقا دوو دیـاردەی هەیـە. دیـاردەی یەکـەم لەلایەنـە تاریکەکـەی مەسـەلەی کوردا خۆی دەنوێنێ کە بریتییە لە کۆیلەکردنی گەلی کورد و پارچە پارچە کردنـی بەشـەکانی و بێبەش کردنی لە ژیانێکی مرۆڤانە، لەلایـەن سیاسـەتی ئیستعماریی کۆنەپەرسـتانەوە، دیـاردەی دووەمـی مەسـەلەی کـورد لـە عێراقا: لەلایەنـە رووناکەکـەی ئـەم مەسـەلەیەدا خـۆی دەنـوێنێ کـە بریتییە لە خەباتی گەلی کورد لە پێناوی رزگاربوون و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی.

مەسـەلەی کـورد لـە عێراقا مەسـەلەیەکی عێراقـی رووت نییـە، بـەڵکو ویـڕانـی ئـەوەی کوردسـتان لەلایەن سیاسەتی ئیستعماری و لەلایەن کۆنەپەرستانی زاڵمـی ناوچەکەوە پارچە پارچە کراوە، ویـڕای ئـەوەی شـێوە زمانـەکانی گـەلی کـورد زۆرن و بـەهۆی گۆشـەگیرییەوە هەنـدێ جـار وەکـو زمانـی جیاواز دێنـە بەرچاو، هێشتاش هـەر بەشـێکە لـە مەسـەلەی کـورد لەسـەر ئاسـتی هـەموو کوردستان، هەڤبەستەگی بەشەکانی مەسەلەی کـورد بـە ئاشـکرا لـەو تـەگبیرو پیلانـە هاوئاهەنگە سیاسی و پۆلیسی –سوپاییا–نەدا دیارە کە هێزی حکومەتە زاڵەکانی عێراق و تورکیا و ئێران و لەسـەروو و لەپـشت ئەوانـەوە ئیـستعماری ئـەنگلۆ ئـەمریکی دەیگرنەبـەر بـۆ سـەرکوت کـردن و دامرکاندنـەوەی هـەر بزووتنەوەیـەك یـا راپـەڕینێکی کـوردان لـە هـەر یـەکێك لـەو سـێ وڵاتـەدا. تازەترین وێنەش بۆ ئەم پیلانە هاوئاهەنگە (منسق) هاوکاری سوپایی نێوانیان بوو بۆ سەرکوت کردن و دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی ١٩٤٥ی بەرزانییەکان.

### ٢- دیاردەی یەکەمی مەسەلەی کورد لە عێراقا

### سیاسەتی ئیستعمارییانەی بەریتانیا و

### مەسەلەی کوردی لە عێراقا

مەسەلەی کورد لە باری مێژووییەوە پەیوەستە بەو مەسەلەیەوە کە پێی دەوترێ (مەسەلەی ڕۆژهەلات). گرنگترین بابەتی مەسەلەی ڕۆژهەلات بریتی بوو لەوەی کە (دەوڵەتی ئیمپریالیستە خەنیمەکان بە ناوی ڕزگارکەرەوە، بزووتنەوە نەتەوەییەکانیان دەقۆزتەوە. هەروەها ترسی (ئەو دەوڵەتانە) لە پێشکەوتنە گشتییەکە هەندێ جار پێشبڕکێییان رادەگرێ، ترسی ئەو دەوڵەتانە لە ناکۆکی زادەی وەزع و حاڵی دەوڵەتە هاوسێ فرە نەتەوەکان کە بریتین لە: تورکیا و نەمساو رووسیای تزاری... لە کاتێکا بینای فشەڵی لاوازی دەوڵەتی تورکیای عوسمانی بەرەو داتەپین دەچوو، پەلوپۆ هاویشتنی سەرمایەداری بەریتانیا و ئەوروپای ڕۆژئاوا ڕۆژ بە ڕۆژ بایەخی تورکیای وەکو دەروازەیەك بۆ ڕۆژهەلات پتر دەکرد، ئەمەش دەبووە مایەی زیادبوونی ژمارەی (پشتیوانانی خەنیم) (مارکسیزم و ناسیونالیزم و جەنگ ل ٢٩) لە سەدەی نۆزدەدا هەندێ بابەتی مەسەلەی ڕۆژهەلات بڕێنرایەوەو، هەندێ ولات لە تورکیای ئەوروپایی جیابوونەوە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان هەندێ ولاتی تریان لە باکووری ئەفریقا و لە ئاسیادا دابەش کرد. هەردوو داگیرکەری بەریتانیا و رووسیای تزاری دەستیان تێکەلّ کرد بۆ دەستنیشان کردنی دەسەلاتی هەر یەکێکیان لە کوردستاندا. سنووری نێوان ئێران و تورکیایان دیاری کرد (ئەم کارە لەگەلّ هەلّگیرسانی جەنگی ئیمپریالیستی جیهانیدا لە ١٩١٤ جێبەجێ کرا) ئیدی ئەوە بوو لە سەرەتای ئەو جەنگەوە سوپای داگیرکەری بەریتانیا لە عێراقەوە هات و کوردستانی باشووری داگیرکرد. یەکەمین پەیمانی ئیمپریالیستی لەمەڕ چارەنووسی ئەم بەشەی کوردستان، جگە لە بەلّگەنامەکانی دیاریکردنی سنوور لە بەینی تورکیا و ئێران، جگە لە نامەکانی الشریف حسین مکماهون کە بەپێی ئەمە بەشێك لەم ولاتە (کوردستان) خرایە سەر سنووری دەوڵەتی عەرەبییەوە، پەیمانی سایکس- بیکۆی نێوان بەریتانیاو فەرەنسا بوو (کە بەشداری کردنی رووسیاشی لە دەستکەوتەکانی جەنگ تێدا بوو) ئەو پەیمانە بۆ دابەشکردنی پارچەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوو بە نیسبەت کوردستانی باشووریشەوە ئەوە بوو ئەو ناوچانەی کە ئەوڕۆ پێی دەگوترێ شارەکانی باکووری عێراق جگە لە کەرکووك کە خرایە سەر ناوچەکانی بەریتانیا، بدرێتە فەرەنسا. کەچی دوا چارەنووسی کوردستان بەپێی بڕیارەکانی ئەم پەیمانە قەراری لەسەر نەدراو کۆمەڵێ سازشی لەسەر کراو پەیمانی سان ریموی ١٩٢٠ هاتە مۆرکردن و بەپێی ئەم پەیمانە فەرەنسا لەم بەشەی جیهاندا دەست بەرداری ناوچەکانی خۆی بوو بۆ بەریتانیا و لەبری ئەمە کۆمەڵێ بەرژەوەندی نەوتی و قازانجی دی کە باسکردنیمان لەم شوێنەدا پێ مەبەست نییە، وەرگرت. لە ڕاستیدا ئەم ڕێکەوتنەی نێوان فەرەنسا و بەریتانیا ئەنجامی زنجیرە مانۆڕێکی ئیستعماریانەی بەریتانیا بوو کە دەیوست بە تەنێ و هەر بۆ خۆی دەسەلات بەسەر شوێنە ستراتیژی و چاڵە نەوتەکانی کوردستاندا بگرێ. بۆیە مەسەلەی دیاریکردنی سنووری نێوان تورکیا و عێراق، سازشکاری لەمەڕ نەوتی عێراق، مەسەلەی کورد و مافەکانی گەلی کورد هەر هەموو ئەمانە لەلایەن ئیمپریالیستی بەریتانیاوە ڕووی یەك مەسەلەن کە ئەویش دەست گرتنە بەسەر شوێنی ستراتیژی کوردستان و ئیستیغلال کردنی ئەم شوێنەیە لەلایەن ئیمپریالیزمی بەریتانیاوە. هەر هەموو ئەو مانۆرە سیاسیانەی پاش یەکەم جەنگی

جیهان هاتنه ئەنجامدان فەسڵێکن لە کۆششی سیاسی و هەوڵی سوپایی بەریتانیا بۆ دەست بەسەراگرتنی عێراق و ئەو ناوچە شاخاویانەی کە عێراق دەپارێزن. چۆنێتی وەستانی شەڕ لە کۆتایی جەنگی ١٩١٤- ١٩١٨ ئەم حەقیقەتە دەسەلمێنێ. پاش نیوەڕۆی رۆژی ٣١ت/١/١٩١٨ بڕیاری هودنەو شەڕ وەستان لەگەڵ تورکیادا مۆرکرا. بەپێی هودنەکە سوپای بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی بۆیان نەبوو لە ناوچەی میزۆپوتامیادا چ خاکێکی تازە داگیربکەن مەگەر حاڵەتێ بێتە پێشەوە کە هەڕەشە لە ئاسایشی سوپاکانیان بکا. ئەو دەمە هێشتا موسڵ نەگیرابوو. بەڵام سەرکردایەتی گشتی بەریتانیا هەر لەو دەمەدا کە دەقی پەیماننامەکەی بە سەرکردایەتی عێراق راگەیاند لە بنڕا پێی راگەیاند لەشکر دەکاتە سەر موسڵ. ئەوە بوو لە ٢/ت٢/١٩١٨دا لەشکرکێشییەکە کرا، پاشان بەشە داگیر نەکراوەکانی دیکەی ویلایەتی موسڵ بە پێچەوانەی مەرجە ئاشکراکانی هودنەکەوەو بەبێ هیچ پاکانەیەك داگیر کران.

### ٣- چۆنێتی داگیرکردنی کوردستانی عێراق

سیاسەتی ئیستعماری مەبەستێکی گشتی هەیە، ئەویش دەستگرتنە بەسەر چارەنووسی گەلاندا. ئیدی ئەم دەست بەسەراگرتنە لە پێناوی بەرژەوەندی ئابووریدا بێ یا لە پێناوی شوێنانی ستراتیژیدا بێ یا لە پێناوی هەردوو مەبەستەکەدا بێ بەڵام شێوازی ئەم دەست بەسەراگرتنە بەپێی وەزع و وڵات و گەلانی ژێر دەست دەگۆڕا سەیر دەکەین داگیرکەری بەریتانیا لە هەندێ شوێنا راستەوخۆ حوکمی کۆلۆنەکانی خۆی دەکات.
لە هەندێ وڵاتی دیدا لە رێگەی چینێکەوە یا تاقمێکی کرێگرتەی خۆیەوە یا لە رێگەی میرێك یا شێخێك یا سوڵتانێکی....هتد خەڵکی ئەو وڵاتەوە بەرژەوەندییە ئیمپریالیستییەکانی خۆی دابین دەکا. لە هەندێ وڵاتدا تێکەڵەیەك لە هەردوو شێوازەکە بەکار دەهێنێ. هەر چەندە دڕندەیی یا هێمنی و نەرمی دیکتاتۆریەتی ئیمپریالیستی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی دەگۆڕێ، بەڵام چ جیاوازییەکی جەهەری لە نێوان ئەم شێوازانەدا نییە بە نیسبەت جەماوەرە سەربەخۆکەیەوە. بەڵام ئەوەی لە فەرهەنگی ئیمپریالیستیدا پێی دەگوترێ گەشەکردنی کۆلۆنەکان بەرەو خود موختاری، بریتییە لە هەوڵدانی ئیستعماری بەریتانیا بۆ ئەوەی ئەنجامی خەباتی کۆلۆنەکان لە چوارچێوەی شێوە سیاسی و رواڵەتییەکان نەترازێ، بۆ ئەوەی جەوهەری بەرژەوەندییەکانی خۆی (ئیستعماری بەریتانیا) بپارێزێت و دەسەڵاتی راستەقینەی سیاسی و ئابووری خۆی لەو شوێنانەدا بهێڵێتەوەو تاقمە شەریك و نۆکەرێك دروست بکات کە لە ژێر پەردەی شێوە نیشتمانی (ناوچەیی)دا بەرژەوەندییەکانی بپارێزن. جەبەل تاریق و ماڵتەو قوبرس و عەدەن نموونەی دەسەڵات و دەست بەسەراگرتنی راستەوخۆن. دومینویونەکان و وڵاتانی پەیمان وەکو عێراق نموونەی دەسەڵات و دەست بەسەراگرتنی نا راستەوخۆن.

سیاسەتمەدارانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا لە سەرەتادا رای جیاوازیان لەمەڕ ئەوە هەبوو کە چ ڕێبازێ لە عێراقا بگرنە بەر. لورانس رای وابوو کە عێراق و وڵاتە عەرەبەکانی دیکە لە ڕێگای پەیمانەوە حوکم بکرێن. ئەنجام ئەم رایە بەهۆی شۆڕشی ١٩٢٠و بە هۆی ئەو ئاستەنگەوە کە خەزێنەی بەریتانیا دووچاری بووبوو، بەسەر ڕای موعاریزەکانیدا زاڵ بوو، بەڵام لە کوردستانی باشووردا سیاسەتی بەریتانیا هەر بەڕاڕایی مایەوە تا لە ساڵی ١٩٢٦دا بە تەواوی چەسپی. لە لە ١٠/ئایاری/١٩١٩دا حکومەتی بەریتانیا دەستووری دایە حاکمی عامی خۆی لە عێراق کە هەندێ وردە دەوڵەتی خودموختار لە سایەی حوکمی شێخانی کورددا دامەزرێنێ بە مەرجێ ئەو شێخانە لە ژێر ئامۆژگاری و ڕێنوێنی ئەفسەرانی بەریتانیاییدا کار بکەن. هەروەها وریای کردەوەکە چ هەنگاوێك نەنێ نیشانەی ئەوەی پێوە دیاربێ کە سیاسەتی بەریتانیا دیاری کراوە... هەروەها بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود حکومەتێکی لە سلێمانیدا دامەزراندووە. لە کاتی بەستنی پەیمانی سیڤەرا لە ساڵی ١٩٢٠ پرۆژەی دەوڵەتێکی کوردی کەوتە ناو ناوان. پاشان بەریتانیا لە ژێر گوشار و ناڕەزایی تورکیادا لەم پرۆژەیە ژێوان بووەوە. لە ساڵی ١٩٢٢دا بەریتانیا و حکومەتی عێراقی دەستکردی خۆی لە ژێر سێبەری بەریتانیادا بوو. بە بەیاننامەیەکی هاوبەش پشتیوانی خۆیان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە کوردستانی باشووردا راگەیاند. لە ساڵی ١٩٢٢دا لەو پرۆژەیەش ژێوان بووەوە. بەڵام ئەو راڕاییەی سیاسەتی بەریتانیا (جگە لەو سازشانەی کە بوونە مایەی دەست بەرداربوونی ئیستعماری فەرەنسا لەم ناوچەیە بەپێی پەیمانی سان- ریمو ١٩٢٠ کە پێشتر ئامازەی بۆ کرا) رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەم دوو هۆیە سەرەکییەی خوارەوە:

١- سیاسەتمەدارانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا متمانەیان بە چ کوردێکی خاوەن دەسەڵات نەبوو کە بەرژەوەندییەکانی ئەوان بپارێزێ.

٢- تاخیر بوونی یەك لایی کردنەوەی هەڵوێست لەگەڵ حکومەتی تورکیای تازەدا و تاخیر بوونی دەستنیشان کردنی ڕێبازە سیاسیەکانی ئەو حکومەتە.

سەبارەت بە هۆی یەکەم سەیر دەکەین ئیستیعماری بەریتانیا رووی کردە شێخ مەحمود کە بە دەسەڵات ترین شێخی کورد بوو و کردی بە حوکمداری سلێمانی و پێی راگەیاند کە چ قەیدی نییە تێرە کوردەکان لە زێی گەورەوە تا رووباری دیالە بێنێتە ژێر رکێفی دەوڵەتەکەیەوە بەڵام، ئاوات و رەفتاری شێخ لەگەڵ بەرژەوەندی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیادا نەدەگونجا. ئەوەتا یەکێك لە باوەڕپێکراوەکانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا دەربارەی شێخ دەڵێ: (کێشەی سەرەکیمان بوو، جاهیل و نەزانە، بەڵام ساویلکەو پاك نییە، ئەگەر پایەگاو حامیەیەکی لێ دیار نەبێ زۆر شەڕانییە، رابوردوی لە سەردەمی تورکدا مایەی متمانەو دڵنیایی نییە. لە شۆڕشێکی بەردەوامدا بوو دژ بە دەسەڵاتی تورك).

ئیدی ئەم تاوێرە سەختە لە کوێ و فەیسەڵی مەرمەڕی ساف و لوس لە کوێ کە وەستاو بەردتاشی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیای خەنی کردبوو؟ دەربارەی هۆی دووەم واتە دەربارەی هەڵوێستی حکومەتی تورکیا و ئەو سازشکاریانەی لەگەڵیا دەکرا، پاش ئەوەی حکومەتی تورکیا

ئەوپەڕی دڕندەیی لەسەر کوتکردنی شۆڕشی ١٩٢٥ی کوردانـدا بەکارهێنا، ئیدی ڕێبازی فاشیستانەی تەواو ئاشکرا بوو. هەر لەو ساڵەدا بەریتانیا توانی قەرارێك لەکۆمەڵەی نەتەوەکان بپچڕێ و ویلایەتی موسڵ (کە کوردستانی باشووریش دەگرێتەوە) بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. لە حوزەیرانی ١٩٢٦دا بەریتانیا و عێراق و تورکیا کاکە و برالەی خۆیان کردو بەسێ قۆڵی پەیمانی ئەنقەرەیان مۆر کرد. بەپێی ئەم پەیمانە سنووری نێوان تورکیاو عێراق دیاری کرا. ناسنامەی ئەودانشتوانەی کە جاران عوسمانی بوون دیاری کرا. بە ناوی دراوسێ چاکی و هاوکاری و پاراستنی ئاسایش و گەڕانەوەی تاوانبارانەوە، سیاسەتێکی هاوبەشیان دەرهەق بە بزووتنەوەکانی گەلی کورد گرتەبەر.

بەمجۆرە سیاسەتی بەریتانیا دەرهەق بە کوردستانی باشوور بەوە ساغ بووەوە و جێگیر بوو کە بە تۆپزی بلکێنرێتە عێراق و دەرفەتی چ جۆرە خودموختارییەك بە کوردان نەدرێ.

هۆی ئەم لکاندنە زۆرەملێیە لە بەیان و وتاری زۆرداو لە نووسینی نووسەرە سەرمایەدارییەکاندا دەگەڕێنرێتەوە بۆ وەی کە: لە پێداویستییە جوگرافیایی و بازرگانیەکانەوە هاتووە. بێگومان پێوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی دیکەش لە بەینی کوردستانی باشوورو ناوەڕاستی عێراقدا هەیە، بەڵام ئەم پێوەندییانە پێویستیان بە لکاندنی ئیستعماریانە نییە. هەڵبەتە ئاشکرایە کە مەبەستی ئەم لکاندنە زۆرەملێیە، مەبەستێکی ئیستعماریانەی ستراتیژی و ئیستغلالی ریسواو گڵاوە. تەنانەت نوێنەرانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیاش نەیانتوانیوە ئەم حەقیقەتە وەشێرن. باوەڕپێکراوی سامی بەریتانیا لە (١١/ئاب/١٩٣٠)دا لە سلێمانی خوتبەیەکی دا کە {... بۆم دەرکەوتووە کە هەندێ سەرچاوەی نا مەسئول وا دەزانن سیاسەتی حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا بریتیە لە هاندانی نەتەوەی کورد... دیارە ئەمە راست نییە، نەك هەر لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق دەشڵەژێنێ بەڵکو هەردوو دراوسێ خۆشەویستەکەشی واتە حکومەتی تورکیاو حکومەتی ئێرانیش دەشڵەژێنێ بۆیە ئەم (بەدگومانییە) فڕی بە حەقیقەتەوە نییە}.

هۆی بەڕێوە نەبردنی کوردستانی باشوور بەشێوەی داگیرکردنی راستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ خۆ دوور خستنەوە لەو خەرجە زۆرەی داگیرکردنی راستەوخۆ گەرەکێتی. حکومەتی بەریتانیا سەیری کرد حوکمدارەکانی عێراق ئەو پۆلیسەن کە پاسەوانی عێراق و کوردستانی بۆ دەکەن. خەرجی خۆی و خەرجی سەرکوت کردنی بزووتنەوەی نەتەوەی کوردی لە جەماوەری زەحمەتکێشی عێراق بۆ کۆ دەکەنەوە، لەبری ئەوەی بکەوێتە سەر بودجەی بەریتانیا. بەکورتی ڕێبازی بەریتانیا لە دەست بەسەرا گرتنی کوردستانی عێراق هەندێك جیاوازە لە شێوازو ڕێبازە ئیمپریالیستییەکانی دی. بەریتانیا کوردستانی لە ڕێگای داگیرکردنی راستەوخۆوە بەڕێوە نەبرد.

هەروەها دەسەلاتێکی نیمچە نیشتمانیشی تێدا دانەمەزراند، بەڵکو بە ناوی دەسەلاتێکی نیشتمانی بێگانەوە، عێراقی – عەرەبییەوە حوکمی کرد.ئەم پێچ و پەنایە لە باری ئابوورییەوە قازانجی گەیاندە بەریتانیا، بەڵام لە باری سیاسییەوە لە کوردستانی عێراقا خەسارەی لێدا، چونکە نۆکەرە کوردەکانی، لە کوردستاندا چ فشە رابردوویەکی حوکمی نیشتمانی پوچیان

نەبوو تا تەفرەی بدەن. بەڵام ئەم پیلانە لەلایەکی ترەوە خزمەتی سەقامگیربوونی ئیمپریالیستی لەم ناوچەیەدا کرد. چونکە ئەگەر حکومەتێکی کوردی، تەنانەت بەناو کوردیشی تێدا بوایە، دەست بەسەراگراتنی کوردی ئێران و تورکیا زۆر دژوارتر دەبوو.

## ٤- رواڵەتی دووەمی مەسەلەی کورد لە عێراقا

### بزووتنەوەی نەتەوە یی کورد

لەو سەدانەدا کە ناوچەکانی کوردستان لە ژێر رکێفی حکومەتی تورك و ئێراندا بوو و هەندێ ناوچەی کوردستانیان لە بەینی خۆیاندا دەگۆڕییەوە، ناو بە ناو میرێکی کورد دەستی دەدایە شۆڕش، ئەو شۆڕشانە لە هەوێنی نەتەوەیی بەو مانایە کە میرە شۆڕشگێڕەکە دەیویست میرنشینەکەی خۆی لەژێر رکێفی بێگانەی تورك و ئێرانی دەربکا، بەدەر نەبوون. بەڵام ئەم بزووتنەوانە بە بزووتنەوەی نەتەوەیی بەو مانایەی گوزارشت لە خواست و ئارەزووی گەل بۆ رزگار بوون لە دەسەڵاتی بێگانە بکا، نایەتە ژماردن. وەکو دەزانین بزووتنەوەی نەتەوەیی لەگەڵ پەرەسەندنی ئابووری بۆرژوازیدا سەر هەڵدەدا. ئابووری بورژوازیش هێشتا لە کوردستاندا گەشەی نەکردبوو. زۆر جار میرە کوردەکان، ئەمیان لە سایەی ئاڵای ئێرانیداوئەویان لە سایەی ئاڵای ترکدا بەگژیەکدا دەچوون. بەڵام سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ئاخر و ئۆخری سەردەمی عوسمانی. یەکەم شت کە دەربارەی داخوازییەکانی بزوتنەوەی کورد دەیزانین دەگەڕێتەوە بۆ بزووتنەوەی دەستووری عوسمانی (١٩٠٨) ئیدی تا یەکەم جەنگی ئیمپریالیستی جیهانی بزوتنەوەی کورد بە سستی و لاوازی مایەوەو لە چوارچێوەی تاقمە روناکبیرێك دەرنەچوو. لە کاتێکدا سەرکردایەتی عەرەب بە رابەڕایەتی حوسین و کوڕەکانی دایانە پاڵ دژمنانی تورکیا –داگیرکەری بەریتانیاو هاوپەیمانەکانی– رابەرانی کورد هەر بەدڵسۆزی لە پاڵ دەوڵەتی عوسمانیدا مانەوە. بەڵام هۆی دواکەوتنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لە بزوتنەوەی نەتەوەکانی تری ژێر رکێفی دەوڵەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە بۆ گەلێك هۆ گرنگترینیان بریتییە لە: (گۆشەگیری کوردستان و دواکەوتوویی پەرەسەندنی ئابووری و راپەڕینی فیکری. هاوکاری کوردان لە ژێر کاریگەری ئاینا لەگەڵ تورکدا دژ بە ئەرمەنی و ئاسووریان).

## ٥- خەسڵەتەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردو

## ئەو شۆڕشانەی –یا ئەو شۆڕشەی- لێوەی هەڵقولاوە

شۆڕشەکانی کوردستان بە تایبەتی لە عێراقا هەریەك زنجیرەن و لە یەکدی جودا نابنەوە. سەیر دەکەی پەشێوەی و نائارامی بەردەوامەو مەگەر تەنیا ئەو کاتانە هێدی ببێتەوە کە لاپەڕەیەك دابخرێ بۆ ئەوەی لاپەڕەیەکی تازە هەڵبدرێتەوە، لە راستیا یەك شۆڕشە، نەك کۆمەڵە شۆڕشێك. هەر چەندە دەبێ ئەوەش بڵێین کە هەندێ لەو شۆڕشانە لە باری هۆیە راستەوخۆکانییەوە سەربەخۆن، بەڵام لە باری هۆیە سەرەکیەکانەوە هەر یەکن و هاوپەیوەندن. دیارە گەلێك کە ژمارەیەکی زۆر لە رۆڵەکانی لە تاراوگە و تەبعیدگای هەمیشەیی و زیندانا بێ، سەرجەمی رۆڵەی چەندین دێ و عەشیرەت و خێزان بەشی نەفی کردن و ئاوارەکردن بێ. گەلێك هەمیشە سێبەری سوپای سەرکوتکەری بەسەرەوە بێ هەر دەبێ لە شۆڕشی بەردەوامدا بێ. راستە زۆرجار بێزاری لە زوڵم و زۆر وخراپی کارگێڕی حکومەت بۆتە مایەی تەقاندنەوەی ئەم بزوتنەوانە، بەڵام هاندەری راستەقینەیان هاندەرێکی شۆڕشگێڕانە بووەو شەقڵە گشتییەکەی شەقڵێکی نەتەوەیی بووە. هەڵبەتە ئەمە لە تورکیا و ئێرانیشا هەر وایە.

کە شۆڕشی ١٩٢٥ دژ بە حکوومەتی فاشستی تورکیا بەرپا بوو. حکومەتی تورکیا وای بڵاوکردەوە کە هاندەری شۆڕشەکە هاندەرێکی ئاینی بووە دژ بە رێکخستن و پەرەسەندنی عەلمانیەتی نوێ. بەڵام سەرۆکی مەحکەمەی عورفی رایگەیاند کە: (شەقڵی زاڵی ئەو شۆڕشە نەتەوەیی بوو) دەگێڕنەوە دەڵێن: ئەو شەهیدانەی کە مەحکەمە کران لە کاتی تیر باران کردنیانداو بە دەم کەوتنەوە وشەی ئازادی لە گەرویاندا دەنگی دەدایەوەو بەسەر لێویانەوە سەمای دەکرد، شۆڕشی ١٩٤٥ی بەرزانییەکان لەسەر بناغەی کۆمەڵێك داواکاری ریفورمیستانە هەڵگیرسا و سۆزی هەموو گەلی کوردی بەرەو خۆی راکێشا. تەنها ئەو عەشایەرانەی کە بە هۆی دژمنایەتی عەشایەری و بەهۆی ئەو پارە مۆڵەوە کە مستەفا العمری وەزیری ناوخۆ بۆی هەڵرشتبوون، سەنگەری خیانەتیان هەڵبژارد، چونکە مستەفا العمری یەك ملیۆن دیناری بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە بەفیڕۆدا. کۆماری مەهاباد (١٩٤٦) لەسەر بناغەی بزووتنەوەیەکی دیموکراتیکی گەلی دامەزرا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەر هەموو بزووتنەوەکانی کورد هەر لە سەرەتاوە بزووتنەوەی نەتەوەیی بوون و لە فاکتەری شەخسی و عەشایەری بەدەر بوون بەڵکو ئەوە دەگەیەنێ کە:

یەکەم: شەقڵی گشتیان شەقڵی نەتەوەیی بوو.

دووەم: رەگەزی عەشایەری خێرا جێی بۆ رەگەزی نەتەوەیی چۆڵ کردووە.

بۆیە ئەم سەرنجانەمان خستنە روو تا ئەو پڕوپاگەندانەی ئیستعمار و حکومەتە نۆکەرەکانی دژ بە شەقڵ-ی نەتەوەیی بزوتنەوەکانی کورد دەیکەن و دان بە شەقڵی نەتەوەیی بزووتنەوەکانی کوردا نانێن بخەینە درۆوە.

ئەگینا ئەوەی پێویستە لێی بکۆڵینەوە تەنیا دەست نیشان کردنی شەقڵی نەتەوەیی یا نا نەتەوەیی بزووتنەوەکە نییە، بەڵکو پێویستە لەو رووەوە سەیری بکەین کە مەسەلەی ئازادی گشتی پێش دەخات یا دوای دەخات.

بەشێوەیەکی گشتی، بزوتنەوەی گەلانی چەوساوە لە پێناوی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا (لە باری بابەتییەوە) بزوتنەوەی پێشکەوتوخوازانەن، چونکە هێزی ئیستیعمار پەرت و لاواز دەکەن، بەڵام ئەمە مانای وا نییە کە هەموو بزووتنەوەیەکی گەلانی چەوساوە لە هەموو شوێن و زەمانێکدا بزوتنەوەی پێشکەوتووخوازانەیە. ستالین دەڵێ: .... هەڵبەتە ئەمە مانای وانییە کە پرۆلیتاریا دەبێ لە هەموو شوێنێکاو هەمیشە و لە گشت دۆزێکا پشتیوانی لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی بکا بەڵکو دەبێ پشتیوانی ئەو بزووتنەوە ناسیۆنالیستانە بکات کە دەبنە مایەی لاوازکردن و هەڵتەکاندنی ئیستعمار نەك ئەو بزووتنەوە ناسیۆنالیستانەی کە دەبنە مایەی بەهێز کردن و پاراستنی ئیستیعمار، چونکە دەشێت بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی لە هەندێ وڵاتی چەوساوەی دیاریکراودا دژ بە بەرژەوەندی پەرەسەندنی بزوتنەوەی پرۆلیتاریا بێ. هەڵبەتە لە حاڵەتی وادا پشتیوانی کردنی تەواو لە بابەتەکە دەردەچێ... مارکس لە چلەکانی سەدەی رابردوودا پشتیوانی لە بزوتنەوەی ناسیۆنالیستانەی پۆڵۆنیا و هەنگاریا کردو دژ بە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی چیك و سلافیەکان وەستا بۆ؟ چونکە ئەوساکە چیکەکان و سلاڤەکانی باشوور (نەتەوەی کۆنەپەرست بوون) پێشرەوی پروسییەکان بوون لە ئەوروپادا، پێشرەوی حوکمی ئوتوکراسی بوون (بنچینەکانی لینینیزم ل ١٧ چاپی ئینگلیزی).

هەروەها لینین دەڵێ: (داخوازییە دیموکراتیە جیاوازەکان بە ماف دیاریکردنی چارەنووسیشەوە شتێکی موتڵەق نییە، بەڵکو بەشێکی بچووکە لە بزوتنەوەی دیموکراسی جیهانی. لە هەندێ مەسەلەی فەردی دیاری کراودا لەوەیە پاژ دژ بە گشت بوەستێ، ئەو کاتە دەبێ رەفز بکرێ (کۆ بەرهەمەکانی لینین) پاشان ستالین دەڵێ (ئەمە وەزع و حاڵەکەیە بە نیسبەت هەندێ بزوتنەوەی ناسیۆنالیستییەوە. ئەگەر ستایش بکرێ دیارە هەر لە روانگە رواڵەتییەکەوە نییە، هەر لە روانگەی مافە رووتەکانەوە نییە، بەڵکو رێك لە روانگەی بەرژەوەندی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیەوەیە. دەبێ ئەمە دەربارەی سیفەتی شۆڕشگێڕانەی بزوتنەوە نەتەوەییەکان بە گشتی بگوترێ. سیفەتی شۆڕشگێڕانە کە سیفەتی زۆربەی بزووتنەوە نەتەوەییەکانە سیفەتێکی رێژەییە بە تایبەتی کە لەگینە سیفەتی کۆنەپەرستانە بەسەر هەندێ بزوتنەوەی دیاریکراوی نەتەوەییدا زاڵ بێ، سیفەتی شۆڕشگێڕانەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی لە سایەی چەوساندنەوەی ئیستیعماریدا ئەوە فەرز ناکا کە هەوێن و رەگەزی پرۆلیتێری لە بزوتنەوەکەدا هەبێ یا بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕانە یا کۆماریخوازی لە بزووتنەکەوەدا هەبێ، یا بنچینەیەکی دیموکراتیك لە بزووتنەوەکەدا هەبێ. خەباتی میری ئەفغانستان کە لە پێناوی خۆیبوونی ئەفغانستاندایە لە باری بابەتییەوە وێڕای بیرکردنەوەی میرو یاوەرە سەڵتەنەتخوازەکانی، خەباتێکی شۆڕشگێڕانەیە، چونکە ئیستیعمار سست و لاواز دەکا. لە هەمان کاتدا ئەو خەباتەی دیموکراتە ئەنارشیستەکان و سوسالیستەکان و شۆڕشگێڕەکان و جەمهوریخوازەکانی وەکو

کرنیسکی و تزرتیلی و رینود... لە ماوەی جەنگی ئیستیعماریدا هەڵیان گیرساند، خەباتێکی کۆنەپەرستانەیە، چونکە ئەنجامەکەی بەهێزکردنی سەرکەوتنی ئیمپریالیزمە (هەمان سەرچاوە ل ٧٢).

## ٦- سیفەتی بزوتنەوەی نەتەوەی کورد چییە؟

بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەیە یا بزووتنەوەیەکی پێشکەوتووخوازی شۆڕشگێڕانەیە؟ ئایا پێشڕەوی سیستەمێکی کۆنەپەرست یا کوڵینگێگە و ئیستیعمار بنکەن دەکا؟ ئەگەر ئەو قۆڕیاتە رەسمییەی کە راپەڕینەکانی کورد لەگەڵ کاری یاخی گەریدا تێکەڵ دەکەن پشت گوێ بخەین، سەیر دەکەین گەلێ پڕوپاگەندەی ئیستیعماریانەی دی هەیە کە دەیەوێ رووی بزووتنەوەی کورد بشێوێنێ.

هەندێ جار دەگوترێ کەداردەستی ئیستیعماری بەریتانیایەو هەر کاتێ لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لەسەر هەندێ مەسەلە رێك نەکەون و ساردییان بکەویتە نێوان، بۆ لاواز کردنی پایەی حکومەتی عێراق بەکاری دەهێنێ.

تەنانەت نووسەرێکی وەکو عبدالفتاح ابراهیم یش(*) نەیتوانیوە لە غەیری ئەو روانگە سەلبییەوە کە وەکو ئەنجام دژ بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە، بڕوانێتە مەسەلەی کورد یا لەو لایەنەوە وەریگرتووە کە قاوی پشتیوانی ئینگلتەرا لە نەتەوەی کورد بۆی هەبێ، هەروەها هەندێ جار دەگوترێ کە بزووتنەوەی کورد زادەی دەرچوونی پێشەوایانی فیوداڵ یا ئایینییە لە سیستەمی تازەی دەوڵەت (وەك چۆن ئەم تۆمەتە ئاراستەی بزووتنەوەکەی مەلا مستەفا و بزووتنەوەکەی شێخ سەعید کرا) هەروەها دەگوترێ کە بزووتنەوەی کورد لە سێبەری پڕوپاگەندەی بێگاناندایە... هتد بێگومان دەزگاکانی مخابەراتی بەریتانیا دەیەوێ و هەوڵ دەدا زۆرترین ژمارەی پێشەوایان راکێشێت، بەڵام پێویستی بەوە نییە لە چیاکانی کوردستانەوە پشت لە حکومەتی عێراقی بگرێتەوە، ئەو حکومەتەی کە دەستکردنی خۆیەتی و چەشنی قوڕە خۆشەیە لە دەستایا.

لە راستیا جڵەوی شۆڕشەکان بە دەستی خەڵکانی فیوداڵ یا ئایینییەوە بووەو لە مەبەستی شەخسی بەدەر نەبوون (بەتایبەتی لە ساڵانی یەکەمەوە) بەڵام هەر هەموو ئەمانە لە باری

---

* بڕوانە لاپەڕە (١٧٢)ی کتێبەکەی عبدالفتاح ابراهیم (علی گریق الهند) چاپی یەکەم ١٩٣٢ کە دەڵێ: (انگلترا بە پێی تێکستی بەڵگەنامەکانی انتداب دەربارەی پارێزگاری کەمە نەتەوەکان لەلایەکەوەو بە پێی پشتیوانی کردن لە ئاوات و خواستی نەتەوەیی و تیوری مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا لە لایەکی ترەوە. بایەخێکی تایبەتی بە مەسەلەی کورد لە عێراقا داوەو لە ساڵی ١٩٢٠داو لە کۆنگرەی قاهیرەدا باسی کردووە) نووسەر لە چاپی تازەی کتێبەکەیا تایتلی مەسەلەی کوردی لابردووە، بەڵام ئاماژە سەلبییەکانی واتە هەوڵدانی ئیستیعمار بۆ استغلال کردنی مەسەلەی کورد)ی لێ لانەبردووە، لە راستیا نووسەر نەك هەر درێغی دەرهەق بە تێگەیشتنی مەسەلەی کورد کردووە، بەڵکو هەستی بەسەر لەبەری شۆڕشی عێراقیش نەکردووە هەروەها هەستی بە سیمای فاشیانەی تورکیای کەمالیش نەکردووەو تەنانەت پاش قەتڵ و عامی کوردەکانیش هەر ستایشی دەکرد.

بابەتییـەوە ئـەو حەقیقەتـە نـاگۆڕن کـە بزووتنـەوەی نەتـەوەیی کـورد بزووتنەوەیـەکی ڕزگـاری خوازییـەو بزووتنـەوەی ڕزگـار بـوونی گەلێکـە لـە کـۆت و زنجیری داگیرکـەرو بـیری کۆمەڵایـەتی سەرکردەکانی هەرچییەك بێت، ئیستیعمار لاواز دەکات.

تەنانـەت ئەگـەر نـاو بـەناو کەسانی هەلپەرست و فێڵبـازی نۆکـەری ئیستعماریش بکەونـە سـەرو کـاری بزووتنەوەکـە، هێشتا هـەر حەقیقـەتی شۆڕشـگێڕانەی بزووتنـەوەکان نـاگۆڕێ مـادامێکی بزووتنەوەکـە لـە ئاراسـتەکردنی ئـەوان بـەدەربێ. وێـڕای ئـەوەی شۆڕشـی ١٩٢٠ خـەڵکانی جۆراوجۆری گرتبووە خۆ، وێڕای ئەوەی ئوپورتونیستان خۆیان تێخزاند و تاوانبار و پیـاوکوژان و تـالان کـەران بـارو زروفەکـەیان قۆستـەوە، هێشتا هـەر شـانازی پێـوە دەکـەین و بـە شۆڕشـێکی نیـشتمانی دەزانین، بـەڵام ئـەو تێکـەڵی و پێکـەڵی و هەرەمەکییـەی کـە بەدەگمـەن شۆڕشـێك لێـی بەدەر بووە، کرۆك و جەوهەری ڕاستەقینەی شۆڕش ناگۆڕێ. جا شۆڕشـەکانی کوردو بزوتنـەوی نەتـــەوەیی کـــوردیش بـــە شـــێوەیەکی گـــشتی هـــەر وابـــووە و شـــەقڵە شۆڕشـــگێڕو پێشکەوتووخوازانەکەی لەوەوە هەڵقوڵاوە کە بەگژ ئیستعماری بەریتانیادا دەچێ و لاوازی دەکا.

بۆیـە ئیـستیعماری بـەریتانیا بەوپـەڕی دڕندەییـەوە لێـی داوە، ئەمـەش خەسـڵەتی یەکـەمی بزوتنەوەکەیـە واتـە (لـە بـاری بابەتییـەوە) پێشکەوتووخوازی شۆڕشـگێڕانەیە، بـەڵام خەسڵەتی دووەمـی بزوتنـەوەی نەتـەوەی کـورد کـە نـەك هـەر لـە بـاری بابەتییـەوە پێشکەوتووخوازە بـەڵکو پەرەسەندنێکی پێشکەوتووخوازانەی خێرا لە بۆچوونی کۆمەڵایەتی و دروشمەکانیا دەبینرێ.

لـەم بزوتنەوەیەشـدا، وەکـو هـەر بزوتنەوەیـەکی دیکـە، خـەڵکانێ هـەن کـە نوێنـەری بەرژەوەنـدی جیـاوازن و بـیری کۆمەڵایـەتی جیاوازیـان پێیـە. بـەڵام زۆر بـە ئاسـانی هەسـت بـە خێرایـی پەرەسـەندنی هۆشـیاری نەتـەوەیی –لـە هـەردوو لایـەنی چـەندی و چـۆنییەوە– دەکـەین. چاوخشانێك بە مێژووی بزووتنـەوەکانی کوردا لـە مـاوەی ٣٠ یـا ٤٠ سـاڵی ڕابردوودا بەئاشـکرا خێرایی پەرەسەندنی فیکری و سیاسی کورد دەردەخا.

سـەیر دەکـەین لـە قۆنـاغی یەکەمـدا پـتر پابەنـدی دەوڵـەتی عوسمـانی و ئیـسلام و چەشـنە لامەرکەزییـەك بـووە، لـە قۆنـاغی دووەمـدا واتـە لـە هەڵگیرسـانی یەکـەم جـەنگی جیهانییـەوە کەڵکەڵەی خودموختاری لە سایەی بەریتانیادا کەوتۆتە سەر. ئەمڕۆش لـە پێنـاوی سیستەمێکی دیموکراسیدا کار دەکات. قۆناغی یەکەم بە شێوەیەکی گشتی شـەقڵی زاڵی بزووتنەوەکە بووە هـەر لـە سـەرەتای سـەرهەڵدانییەوە تـا هەڵگیرسـانی یەکـەم جـەنگی جیهـان ١٩١٤ بـەڵام ئیتجاهی دووەم جگـە لـە تورکخوازەکـان هـەموو ئـەو سـەرۆك عەشـیرەت و ڕووناکبیرانـەی گرتـەوە کـە بـە ڕەسمـی –بـە نوێنـەری کـورد– دەژمێـردران. گفتوگۆکـانی شـەریف پاشـا لـە لەنـدەن (١٩١٤)و داخـوازی سـەرۆك عەشیرەتەکان لـە سـەردەمی داگیرکردنـدا لەسـەر ئـەم بناغەیـە بـوون. بەشـێکی زۆریان بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود لە پـایزی (١٩١٨)دا لەسـەر ئـەوە ڕێك کـەوتن کـە یاداشت نامەیـەك پێـشکەش بـە دەسـەڵاتی داگیرکـەر بکـەن. ئەمـەش هەنـدێك لـە دەقـی یاداشـتنامەکەیە: (سەرۆکان وەکو نوێنەری دانیشتوانی کوردستان داوای پشتیوانی لە حکومەتی بەریتانیا دەکـەن و حـەز دەکـەن مەسـەلەی خستنە سـەر عێراقیـان سـاغ بکاتـەوەو ئامـادەن دەسـتوورەکانی قبـووڵ

بکـەن). بـەڵام کـێ ئەمڕۆکـە زات دەکـا داوای پـشتیوانی لـە بـەریتانیا بکـا؟ لەلایـەکی تـرەوە دەمارگیری ئایینی لە سەردەمی عوسمانیدا بە تایبەتی لەماوەی ئەو جەنگەدا چالاکی کوردانی بە فیڕۆ دەداو دەیکردن بە داردەستی تورکان تا دژ بە ئـەرمنی و ئاسووریان بـەکاریان بێنێ. ئـەو مێـژووە شـوێنەوارێکی سـایکۆلۆژی خراپـی جێهێـشت کـە پاشـان داگیرکـەری بـەریتانیا تـازەی کردەوە و ئاسوورییەکانی کرد بە داردەستی خۆی بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشەکانی کورد.

بـەڵام ئەمڕۆکـە بـیری زاڵ بانگـەوازی برایـەتی ئـەم گەلانەیـە. خـەڵکانی زەحمـەتکێش هاتوونەتـە مەیدانێ و پرانسیپی دیموکراتیانەی خۆیـان هەیـەو ئـەم پرانسیپە دیموکراتیکانـە لـە ئـەدەبیاتی سیاسی و میتینگ و خۆپیشاندانە گشتییەکانی کوردا ڕەنگیـان داوەتـەوە، بـەڵام ئەمـە نیشانەی ئەوە نییە کە ئەو خەڵکە زەحمەتکێشە و پرانسیپە دیموکراتیکەکانیان بووە بە هێزی سـەرەکی و بنج و بڕ یا ئـەو پرانسیپانە، لـە نـاو جـەماوەری غـەیرە هوشیاری کوردا کـە زۆربـەیان لـە ژیـانی سیاسـی دوورن بڵاوبووەتـەوە، بـەڵکو نیـشانەی بـەهێزبوونی پێـشڕەوی هوشـیارە، نیـشانەی ڕەخساندنی دەرفـەتی لـە بـارە بـۆ پێـشڕەوی هوشـیار تـا جـەماوەری پـێ ئاراسـتە بکـا، زۆر بـە ئاسـانی دیـارە کـە پێـشەوایانی کۆنەپەرسـت و ئۆپورتونیـستی خـاین چـەند سـست و کـەم هەڵپەبوون لە چاو هاوڕێ عەرەبەکانیانا، ئەو هاوڕێ عەرەبانەی کە مەسەلەی عەرەب بە هەڵدێری سیاسەتی داگیرکەری بەریتانیادا دەبەن و دەیخەنە زەلکاوە بۆگەنـەکانی داگیرکـەری بـەریتانیاوە، هەر هەموو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونە تازەکانی گەلی کورد، یەکەم ئـەزموونی پـڕ خەتـەر و گەورە لەم بارەیەوە سیاسەتی بەریتانیایە لـە پارچـە پارچـە کردنـی کوردسـتان و سـەرکوتکردنی هـەر بزووتنەوەیـەکی نەتـەوەیی بـە زەبـری ئـاگر و ئاسـن، هـەروەها نەگەیـشتنی سـەرکردە نۆکەرەکانی بەریتانیا بە چ جۆرە حوکمێکی کوردی ساختە. ئەمە جگە لە نەبوونی خەڵکانێك کـە پیا هەڵ بڵێن وەك هاوڕێ عەرەبەکانیان ئەمەیان کردو بـۆ ماوەیـەك مێـشکی جـەماوەری عـەرەبیان بە شۆڕشی (مەزنی حسین) و دامەزرێنەرانی (شکۆمەندی عەرەب!) پڕ کرد.

تاقە حەقیقەتێکی تاڵ و زەق کە لە مێشك و هزری کوردانا دەزرنگێتەوە ئاگر بارانی فڕۆکە و پێك گەیشتنی تابوری سوپایە لە ڕۆژهەڵات و لـە ڕۆژئـاواوە بـۆ ڕاوکردنـی شۆڕشـگێڕەکان. ئـەزموونی دووەم ئـەزموونی دامـەزرانی کۆمـاری دیمـوکراتیکی کـوردە. ئـەم ئەزموونـە چـاوی کوردەکـانی کردەوەو نەك هەر سیاسەتی بەریتانیایان لە عێراقدا بۆ دەرکەوت بەڵکو حەقیقەتی سیاسەتی نێو دەوڵەتیشیان بۆ دەرکەوت. چونکە لە کاتێکدا یەکێتی شوورەوی و گشت گـەلانی ئـازادی دۆسـت لایەنگری کۆماری مەهابادیان دەکرد کۆنەپەرستێتی ئێران بـە چـەکی ئـەمریکی و بـەپێی زنجیرە پیلان و مانۆڕێکی ئەنگلو –ئەمریکی کۆماری ناوبراوی لـە بـەین بـرد. دیـارە ئـەم حەقیقەتـە تـاقی کردنەوەیەکی پراتیکی گەورەتر بوو بۆ کوردان و کـارێکی وای کـرد کـە کـوردان دۆسـت و دژمنـی خۆیان بناسن و بزانن چ ڕێبازێکی سیاسی خزمەتی دۆزەکەیان دەکات و چ ڕێبازێك زەرەری لـێ دەدا، بێ گومان ئەو ئازادییە ناسیونالیستییە دیموکراتیکـەی کـوردی شـوورەوی هەیـەتی و ئـەو بایەخەی کە دەوڵەتی شوورەوی بە بووژاندنەوەو پەرەپێدانی زمان و ئـەدەبیاتی کـوردی دەدات – وەکو چۆن ئەمە لەگەڵ هەموو نەتەوەکانی دیکەشدا دەکات– ڕۆڵێکی گـەورەی لـە ئاراسـتەکردنی

فیکـری نەتـەوەی کـوردا هەیـە، ئەگەرچـی حکومـەتی عێـراق زۆر بەربەسـت دەخاتـە ڕێگـای بڵاوبوونـەوەی هەواڵـەکانی گـەلی کـوردی شـوورەوی و بەمـەش بایـەخی ئـەو ئاراسـتە کردنـە کـەم دەکاتەوە.

فاکتـەرێکی زۆر گرینگـی دیکـەش هەیـە بـەڵام ئـەم فاکتـەرە تایبـەت نییـە بـە کـوردەوە، ئـەویش فاکتەری پەرەسەندنی هۆشیاری پرۆلیتاریایی و ئەو پەرەسـەندنە مادی و فیکریانەیـە کـە پـاش ئەزموونی هەردوو جەنگی جیهانی ڕوویاندا، هەڵبەتە ئـەم حەقیقەتانـە لـە داگیرکـەری بـەریتانیا و نۆکـەرەکانی شـارەوە نییـە، بۆیـە بەوپـەڕی توانـاوە هـەوڵ دەدەن خەڵکـە کۆنەپەرسـتەکان خـڕ بکەنەوەو ڕێك بخەن، بەڵام لە بەدبەختی ئیستیعماری بەریتانیا، نۆکـەرەکانی زۆر لـەوە دوورتـرن کـە کـار لـە جـەماوەر بکـەن. پیـاو ماقوڵـەکانی لـە کۆشـك و تـەلارو کاباریێـەکانی بەغـدایا هەڵترشکاون و سەرگەرمی ڕابواردنن، قسەیەکی دیش هەیە پێویستە لێرەدا بکرێ ئەویش ئەوەیـە کە:

خەسـڵەتە پێـشکەوتووەکانی بزوتنـەوەی نەتـەوەیی کـورد لـە بـەهێزکردنی بزوتنـەوەی پێشکەوتوخوازانەی عێراقدا ڕەنگیان داوەتەوە، لە کاتێکا ژمارەی هاووڵاتیـانی کـورد لـە بەغدایا بە نزیکەی ٣٥ هەزار کەسێك دەخەمڵێنرێ کە ڕێژەکی بچووکی خەڵکی بەغدا پێکدەهێنن، سـەیر دەکەین کوردەکان هێزی گەورە بوونە لەو خۆپیشاندانانەدا کە جەماوەری بەغدا لـە بۆنـەی زۆردا کردوویانە. بۆ وێنە نـاوی ئـەو خۆپیشاندانە دەبـەین کـە پێشکەوتووخوازان دژ بەدەست درێـژی کۆنەپەرستانەی فاشیەکان بۆ سەر وەفدی شارەکانی عێـراق کردیـان (ئازاری ١٩٤٨) لـە ڕاسـتیا کەمە نەتەوەو تایفە چەوساوەکان لـە عێراقـا پایەیـەکی سـەرەکی بزوتنـەوەی ڕزگـاری نیشتمانی پێك دەهێنن.

## ٧- ڕێبـازی کۆنە پەرستی لە بزووتنەوەی کوردا

وێڕای ئەوەی بۆمان ساغ بووەوە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە شێوەیەکی گشتی و لە باری بابەتییـەوە بزووتنەوەیـەکی پێشکەوتوخوازی شۆڕشـگێڕانەیە، لـە ڕوانگـە کۆمەڵایەتییەکەیـەوە خێـراو بـە شـێوەیەکی پێشکەوتوخوازانە پـەرە دەسـتێنێ، سـەیر دەکـەین هـەر لـەم بزوتنەوەیـەدا ڕێبازێکی کۆنەپەرستانەش هەیە کە تەمسیلی بەشێك لە بۆرژوازیانی کـورد دەکـات و لـە هـەردوو مەیدانی سیاسی و فیکریدا دەردەکەوێ.

## ٨- ڕێبـا زی کۆنە پەرستانەی سیاسی

ئەمین زەکی باسی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لە سلێمانی، لە پاش یەکەم جەنگی جیهانی دەکات و پاشان بە کەسەرو داخەوە دەڵێ (لە بری ئەوەی خەریکی کاروبار و ئەرکەکانی خۆی بێ لەگەڵ ئینگلیزدا کەوتە شەڕ) ئێمە ئەگەرچی نە مەبەستمانە و نە دەتوانین ئێستا تەقدیری بارووزروفی ئەو شەڕە بکەین، بەڵام دڵنیاین کە مانەوەی ئەو حکومەتە کە بەریتانیا بە خۆی دایمەزراندبوو، پەیوەست بوو بە بەرژەوەندی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیاوە. دامەزراندنی حکومەتێکی ناوچەیی بە رواڵەت نیشتمانی لە سایەی ئیستیعماردا جێی تەماحی گەلێك لە بۆرژوایانی کورد بوو وەکو چۆن دامەزراندنی حکومەتی لەو بابەتە لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا جێی تەماحی زۆربەی بۆروژوایانی سوریاو هەندێ لە بۆرژوایانی لوبنان بوو. چ ئەوان و چ ئەمان سیستەمی حوکمی عێراقیان بەو نموونەیە نە دەزانی کە ئاواتەکانیان پێی دێتە دی، نووسەرانی عەرەبی بە سەنگی وەکو امین الريحاني و جورج طانيوس بە شان و باڵیاندا هەڵدەگوت.

هەندێ لە سیاسەتمەدارانی کورد هەوڵیان لە پێناوی ئەم بابەتە سیستەمەدا داو ئەوەندەی ئێمە پێبزانین دوا هەوڵ لەم بوارەدا لە ساڵی ١٩٣٠ لە کاتی مۆرکردنی پەیمانی دوو قۆڵی نێوان بەریتانیا عێراقدا بوو...

ئەوە بوو جەمال بابان و ژمارەیەك لە سیاستمەدارانی سەر بە استعماری بەریتانیا ، عەرز و حاڵێکیان دا نیگەرانی خۆیان تێدا سەبارت (بە مافەکانی گەلی کورد) دەردەبڕن کە ئەگەر ئینتدابی بەریتانیا لەسەر عێراق هەڵگرێ، هەر لەو عەرز و حاڵەدا داوا لە بەریتانیا دەکەن کە (مافەکانی کورد زامن بکات!) هەڵبەتە ئەم هەوڵانە پشت گوێ خران چونکە لەگەڵ سیاسەتی بەریتانیادا نەدەگونجا. ئەو سیاسەتەی دڵنیا بوو کە تارمایی حکومەتێکی کوردی ئەگەر رواڵەتیش بێ کێشە بۆ کۆنە پەرستانی تورکیاو ئێران دەخوڵقێنێ و نایەڵێ بە رەحەتی حوکمی جەماوەری کورد بکەن. ئەمە جگە لەوەی کە ئەو هەولانە دەنگدانەوەیەکی جەماوەرییان بەخۆوە نەدی. خۆ (بە تایبەتی) ئێستا ئەو دەنگدانەوەیەشی نییە، چونکە خەباتی گەلی کورد لە پێناوی رزگار بوونی تەواوە لە کۆت و زنجیری خودی داگیرکەری بەریتانیا و هەموو شێوە دەسەلاتەکانی بەریتانیا. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئیستعماری بەریتانیا ئەگەر زەرورەتی ئارامکردن و دامرکاندنەوەی بزوتنەوەیەکی شۆرشگێڕانەی خەتەر یا پیلانە جەنگیەکانی ئینگلیزو ئەمریکا بخوازن، بیر لە دامەزراندنی حکومەتێکی رواڵەتی لە کوردستاندا ناکاتەوە.

هەندێ ئیشارەت بۆ پرۆژەی دەوڵەتێکی کوردی لەلایەن ئیستعماری ئەمریکاوە بە دیارکەوت گەرچی چ ئەسەرێکی جدی ئەم پرۆژەیە بەدیار نەکەوتووە.

### ٩- رێبازی کۆنە پەرستانەی فیکری و رێبازی رەگەزپەرستی

گەلی کوردیش وەکو هەر گەلێکی تری جیهان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە، کورد ئەم مافە لە هیچ بنەمایەکی رەگەزپەرستانەوە هەڵناهێنجێ، گەلی کورد کۆمەڵێك شتی هەیە مایەی شانازین و ئەم شانازی کردنە لە چ رەچەڵەکێکی رەگەزپەرستانەوە هەڵناهێنجێ، بەڵکو لەوەوە هەڵی دەهێنجێ کە بەشداری لە پێشخستنی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا کردووە، کە لە پێناوی ئازادیدا خەباتی کردووە، کەچی سەیر دەکەین شەپۆلی بیرکردنەوەیەکی کۆنەپەرستانەو نەژاد پەرستانە هەندێ رووناکبیری کوردی راماڵیوەو پێم وایە ئەوەی لە هەموو کەسێك پتر کاری کردۆتە سەر بیرو هزری ئەو روناکبیرانەو بیرکردنەوەیانی خستووەتە کوچەی پڕ پێچ و پەنای رەگەزپەرستییەوە (مێجەرسۆن)ە- لورەنسی کوردستان و فارس- کە بە (میرزا غولام حسین شیرازی) ناوی رۆیشتووە (سون) بە تواناترین پیاوی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا بوو (ئەنتیلیجنس سیرفیس) لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا وەکو کوردەکان بە خۆیان شایەتی بۆ دەدەن، شارەزاییەکی تەواوی لە دایلێکتەکانی زمانی کوردی دا هەبووە. راوبۆچوونەکانی سون کە لەسەر بناغەی تەمجیدی بەناو (نەژادی ئاری) دامەزرا بوون، لە بیرکردنەوەی ئەمین زەکیدا کە یەکێك بوو لە پێشەوایانی فیکری بۆرژوایی کورد، جێی خۆیان کردەوەو لە رێگای ئەوەوە ژمارە نووسەرێکی دیش وەریان گرت. پوختەی راوبۆچوونەکانی سون ئەوە بوو کە گەلی کورد نەژادێکی ئاریایی پاکە (هەمان دیدو بۆچوونی هیتلەریزم سەبارەت بە گەلی ئەڵمانیان) ئەوەی ئەمین زەکی لە کتێبەکەی خۆیدا (خولاسەی تەئریخی کورد) لە سونی وەرگرتووە ئەم قسەیەیەتی: (کورد تاقە گەلێکە کەتوانیوێتی خۆی لە بەردەم هێرشی سوپای داگیرکەراندا رابگرێ و بوونی نەتەوەیی خۆی بە پاکی و بێگەردی بپارێزێ و خڵت و خاشەی نەتەوەکانی تر نەی شێوێنێ. بەڕاستی گەلی کورد کۆمەڵێك خەسڵەتی نەتەوەیی و سیفەتی نەژادی هەیە کە هیچ ئینسانێك ناتوانێ نکۆڵی لێ بکا) لە شوێنێکی دیدا دەڵێ: (.... بەڕاستی ئێمەی ئینگلیزی نەوەی دنیاش بە رەچەڵەك دەچینەوە سەر ئەو کوردانە. گەلی کورد لە خوێنی تێکەڵ بە خوێنی گەلانی دی نەبووەو لە رووی خوێن و نەژادەوە هەر بەپاکی ماوەتەوە).

وەنەبێ تێوری رەگەزی پاك و نەژادی چاك و گەلی هەڵبژاردە لە عێراقدا تایبەت بێ بە کۆنەپەرستێتی کوردەوە، بگرە ئەم تێورییە لەناو کوردا زۆر کەم رەواجترە وەك لە نێو عەرەبدا کە گەلێ کەڵکەڵەو مەیلی کۆنەپەرستانەی گرتۆتە خۆو، لەوەیە لە ناو جوولەکەشدا وابێ، وێڕای پووچەڵ بوونەوەی ئەم تێورە لە بەردەم واقیعەکانی مێژوودا هێشتاش هەر کاریگەری کۆنەپەرستانەی هەیە بۆ خەواندنی جەماوەر لەسەر نەزم و لایەلایەی رەگەزو مژوڵ کردنی جەماوەر لە بانگەوازی رەگەز و دابڕاندنی ریزەکانی، ئەوجا دوورخستنەوەی جەماوەر لە خەباتی راستەقینەی رزگاری. جاڕدەرانی ئەم تێورە دەورێکی بالایان لە بە دژمن کردنی عەرەب و جولەکەدا بینی، لەبەر ئەوەی ئەم تێورە لە باری فیکرییەوە پوچەڵ بووەتەوەو لەباری مادیشەوە هەر هەموو ئەو بزوتنەوە فاشیستیانەی پەیرەویان دەکرد پوچەڵ بوونەوە ئیدی بە پێویستی نازانین لەم کورتە باسەدا هەڵی وەشێنینەوە و بە درۆی بخەینەوە. بەلام ئاخۆ خەسڵەت و سیفەتی نەتەوەیی تایبەتی نییە؟ بەڵێ هەیە. بەلام وەنەبێ لە سەرچاوەی رەگەزەوە

هـەڵقوڵێت، بـەڵکو کۆمەڵـە خەسـڵەتێکی سـفت یـا فـشەڵە کـە لـە بنەڕەتـدا سیـستەمی ژیـان و کۆمەڵایـەتی و ئـەو باروزروفـە مادییـەی کـە ئـەو سیـستەمە دێنێتـە ئـاراوە، دیـاری دەکـات، ئیـدی دەمێنێتەوە سەر پـەروەردەکردن و ئاراسـتە کردنـی ئـەو عـادەت و رەسـم و بەهرانـەی لـەو وەزع و حاڵەوە دەبوژێنەوە یا دادەمرکێنەوە بە شێوەیەکی چاك یا خراپ.

ئینگلیـز پرسـیاری ئـەو هێـزە ئەفسوناوییە دەکـات کـە کردیـە کـاریٚ (ئەڵمانـەکان) بتـوانن پـاش هـەرەس هێنـانی ئیمپراتۆریـەتی رۆمـان ئـەورووپای لـە پـێ کـەوتوو ببوژێننـەوە و ژیـانی وەبـەر بخەنەوەو دەڵێ: (ئایا وەکو مێژوونووسە شۆڤێنیستەکانمان بۆی دەچن هێزێکی موعجزەیی بوو لە خوێنی رەگەزی ئەڵمانیدا؟ نەخێر هەرگیز وانییە.

ئەڵەمان بە تایبەتی لەو زەمانەدا تیرەیەکی ئاریایی یەکجار بەهرەمەنـد و لـە هـەڕەتی پەرەسـەندنا بوو، بەڵام وێڕای ئەوەش سیفەتە نەتەوەییە تایبەتییەکانیان سەرچاوەی بووژاندنـەوەی ئـەورووپا نـەبوو، بـەڵکو بـە راشـکاوییەوە بەربـەرێتیان، سیـستەمی تیرەگـەرییان (جنتـاین) سەرچـاوەی بوژاندنەوەی ئـەورووپا بـوو. توانـای فـەردی و ئازایـەتی و هەسـت کردنیـان بـە ئـازادی و غـەریزەی دیموکراسی خوازانەیان جیٚ دەستی بەسەر کاروبارە گشتییەکاندا بەجیٚ هێشت و بە کورتی جیٚ دەستی بەسەر هەموو ئەو سیفەتانەدا جێهێشت کە رۆمانەکان لە دەستیان دا، تـەنیا ئەمـە تـوانی دەوڵەتێکی تازە بێنێتە گۆڕیٚ و نەتەوەی نویٚ لە پاش ماوەکانی دنیای رۆمانییەوە دروسـت بـبن، بەری ئەم سیستەمە تیرەگەرییە لە قۆناغی هەرە باڵای بەربەرێتیدا جگە لـە سیفەتە بەربەرییـەکان چی بوو؟) ئەوجا ئینگلیز روونی دەکاتەوە کە ئەوان توانیان دەسەڵاتی پیاو بەسەر ژنـدا بڵاوێـنن و لـە دزێـوترین بـاروزروفی کۆیلەیـەتی سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا ئـارامی و ئاسـوودەیی و هـۆی مقاوەمـەتی ئـەوتۆ بدەنـە چـینی چەوسـاوە (جووتیـاران) کـە کۆیلـەی سـەدەکانی سـەرەتاو پرۆلیتاریـای سـەردەمە تازەکـان نـەیان بـوو. ئـەوجا دەڵـێ: "هـەر هـەموو ئـەو ژیانـە راسـت و دروستەی ئەڵمانیەکان خستیانە جیهانی رۆمانییەوە بەربەرییـەت بـوو" هـەر بـە هـەمان شـێوەی رووکردنەوەکـەی ئینگلیـز دەتـوانین بڕوانینـە ئـەو ژیانـە نوێیـەی کـە عـەرەب خـستیانە بـەر نەتـەوەکانی سـایەی هـەردوو ئیمپراتۆریـەتی فـارس و رۆمـانی رۆژهـەڵات، ئـەو شارسـتانیەتە ئیسلامییە کە زۆری پێنەچوو دووچاری بۆگەنی و پۆخڵەوات بوو و تا رادەیەکی یەکجار زۆر لـەو تروسـکە ئازادییـە نیمـچە سـەرەتاییە دوورکەوتـەوە کـە عـەرەب بـەر لـەوەی بکەونـە هەڵپـەی کۆیلەورابواردنـەوە پێیـان بەخـشی بـوو...هتـد سـەرباری ئەمانـەش، کـورد ئەمڕۆکـە تیرەیـەکی سەرەتایی نییە.بەڵکو نەتەوەیەکە کە بە درێژایی مێژوو لە تێکەڵ بوونی ئەو تیرەو نەتەوانەی کە دوابـەدوای یـەك هـاتوونەتـە چیاکانی زاگرۆس و دەوروبـەری پێـك هـاتووە. ئـەمین زەکـی دووڕای (**) گرنیگی لەمەر دروست بوونی نەتەوەی کورد وەرگرتووە کە هەردوو رایەکە ئەم رایـەی ئێمـە دەسەلمێنن، یەکێکیان رای (سمیث)ـە کە لەسەر داوای ئەمین زەکی نووسیٚتی لـە رایەکەیـدا ئـەوە دەردەخا کە ئەوانەی پاشان ناوی (کورد)یان لێنراوەو پاشماوەی نەتەوەیـەکی (هنـدو ئێرانـی)ن،

** رای مینۆرسکی و رای سدنی سمیث. رایەکەی مینۆرسکی لە ئەنسکلوپیدیای ئیسلامیدا بڵاوبووەتەوە.

بێگومـان دەبـێ تێکـەڵ بـەو خەڵکانـە بـووبێ کـە بـەر لـەوان و پـاش ئـەوانیش هاتوونەتـە چـیاو دۆڵەکانی کوردستان (سدني سمیث) بەم قسەیە کۆتـایی بـە راکـەی دێـنێ: (هەڵبەتـە زۆر نـەژاد و گـەلانی جیـاوازی وەکـو کـورد و ئـەرمـەن و ئاسـووری و تورکمـان لەگـەڵ دانیـشتوانی ئەسـڵیدا لـە چیاو دۆڵـەکانی کوردسـتاندا ژیـا ون و هـەبوون. بۆیـە لێکۆڵـەرەوە کـە دێتـە سـەر سـاغ کردنـەوەو لێکۆڵینەوەی رەگ و رەچەڵەك و مێژووی کورد نابێ وەزع و حاڵی ئەو نەژاد و گەلـە جیاوازانـە لـە بیر بکـا. بـەڵام گـرنگ ئەوەیـە لـە رووی زارو زمانـەوە لەوانـە بکۆڵێتـەوە نـەك لـە رووی خـوێن و نەژادەوە) بێگومان هەر بۆ نموونە ناوی ئەوانەی هێناوە، ئەگینا نـاوی گـەلانی کـۆنتری دەهێنـاو ناوی عەرەب و فارسیشی دەهێنا، بەڵام ئـەمین زەکییـەك کـە لەلایەکـەوە ئـەم تێـورەی وەرگرتـووەو لەلایەکی ترەوەو بە تاییدێکی ئاشکراوە تێورەکەی سۆنی وەرگرتووە چۆن لە ناکۆکی و ناتەبایی هەردوو تێورەکە غافڵ بووە؟

ئەمە لایەنێکە لە لایەنەکانی فیکری کۆنەپەرستانەی نەتەوەیی. ئـەم فکـرە لایـەنانی تـری هـەن کـە گەلانی غەیرە موسڵمانی وەکو ئەرمەن و ئاسووری شانازی بە هەڵوێستە سەلبییەکەیەوە دەکـەن. ئەمین زەکی سەرزەنشتی هەندێ کوردی لەسەر ئەوە کردووە کە خەبات و کۆششی خۆیان لەگەڵ ئەرمەنـدا یـەك خـستووەو ئـەم کـارەی بـە هەڵـەو لادان زانیـووە، هەڵوێـستی سـەلبی ئـەمین زەکـی دەرهــەق بــە ئاســوورییەکان ئەوەیــە کــە دان بــە خەســڵەتی نەتەوەییانــدا نــانێ و هــەر بــە (نەسرانییەکان) –ناوی مەزهەبە ئایینییەکەیانەوە– ناویان دەبات و بەڕای ئـەو تیرەیـەکی ئـاینین لە گەلی کورد، ئەمین زەکی ئەو رایانەی تر کە ئاسوورییەکان یا هەندێ لە ئاسوورییەکان دەدەنە پاڵ غەیری کورد فەرامۆش دەکات. موناقەشەکردنی ئەو رایانە بە پێویست نازانین و بەوەندە واز دەهێنین کە ئیشارەتێك دەربارەی نەژادی ئاسوورییەکان بخەینە بـەر سـەرنج، ئـەویش ئەوەیـە کـە تەکوینی سـایکۆلۆژیان بـەلای کەمـەوە لـە حاڵی حازردا رێگـای ئـەوە نـادات بـە کـورد بزانـرێن یـا لەگەڵ کوردا تێکەڵ بکرێن.

ئـەمین زەکـی دەربـارەی قەومیـەتی فەیلییـەکان رایـەکی هەیـە کـە تـەواو رایەکـەی سـەرێی ئێمـە دەسـەلمێنێ. ئـەمین زەکـی لەبـەر گـەلێك هـۆ فەیلییـەکان بـە کـورد دادەنـێ کـە یـەکێك لـەو هۆیانـە ئەوەیە کە خۆیان خۆ بە کورد دەزانن.

بە رای ئێمە ئەم هۆیە گرینگە، چونکە نیشانەی پێکهاتەی سایکۆلۆژی هاوبەشیانە لەگـەڵ بـاقی کوردانـدا. دیارە تەکوینی سایکۆلۆژی، ئەگەر هۆیەکانی دی سازبێ، پڕ بایەخە بۆ دەست نیشان کردنی هەڵوێستی ئەو جەماعەتانەی دەیانەوێ تێکەڵی یەکدی بن.

فیکری کۆنەپەرستانە لە ناو نەتەوەی کوردا هەر چۆنێك بـێ نایەتـە بـەراورد کـردن لەگـەڵ تونـدی فیکری کۆنەپەرستانەی شۆڤێنیستی عەرەب دا، ئەمە جگە لەوەی وەکو دەبینین ئەم فیکرە لە ناو کوردا هەر چەندە بارو زروف گەشەکردنی خۆشە، لە چوارچێوەیەکی تەسك دایە.

## بەشی دووەم

## چارەسەری مەسەلەی کورد

تەنیا دوو ڕێگا لە بەردەم پەیوەندی نێو گەلاندا هەیە، یەکەمیان ڕێگای ئیستیعماریانەی ئیستغلالیانەیە، دووەمیان ڕێگای ئەنتەرناسیۆنالی برایانەی پرۆلیتێرییە.
چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی لە هەر وڵاتێکدا دەبیٚ بە یەکێك لەم دوو ڕێگایەدا بڕوا، ئیدی ئەو چارەسەرە لە ژێر هەر ناوو تایتڵێکدا بێت. سیستەمە فاشیەکان ڕێگای یەکەمیان گرتەبەر و بەئاشکرا کەوتنە سەرکوتکردن و پێشێل کردنی گەلان. ئێستاش فاشیزمی تورك هەمان ڕێبازی گرتۆتە بەرو پەیڕەوی سیاسەتی بە تورك کردن و قەڵاچۆکردنی کوردان دەکات. هەروەها گشت وڵاتە ئیمپریالیستەکان لە ژێر پەردەی دروشمی بریقەداری وەکو دیموکراسی و سۆشیالیستی و ریفۆرمیستی و پشتیوانی گەلانەوە ئەم ڕێگایە تەی دەکەن. چونکە دوژمنایەتی کردنی زەق و ئاشکرا لە بارەی فیکرییەوە ئیفلاسی کردو ئەمڕۆکە کورد لە پشت پەردەی ریفۆرمەوە دەچەوسێنرێتەوە بۆیە باسەکەمان سەبارەت بە ڕێگای یەکەم تەنیا مناقەشەی چارەسەری ریفۆرمیستی دەگرێتە خۆ.

### أ- چارەسەری ریفۆرمێستی:

***چارەسەری ریفۆرمیستیانەی مەسەلەی نەتەوەیی سیٚ خەسڵەتی هەیە:***

یەکەم: چارەسەری ریفۆرمیستی، سەر لەبەری مەسەلەکەو لە بنج و بناوانەوە چارەسەری ناکات. بەڵکو لە بازنەی دان نان بە هەندیٚ ریفۆرمی لاوەکیدا دەخولێتەوە، سەیر دەکەین مەسەلەی کورد لەلایەکەوە سەرکوت کردن و چەوسانەوەو بە کۆیلەکردنی گەلی کوردە و لەلایەکی ترەوە خەباتی ئەم گەلەیە لە پێناوی ئازادی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا. کەچی چارەسەرە ریفۆرمیستیەکان

وێڕای بەیاننامەو بەڵێنی بریقەدار لە چوارچێوەی بەکارهێنانی زمانی کوردی و دامەزراندنی کوردان لە وەزیفەی دەوڵەت دەرناچن.

دووەم: چارەسەری ریفۆرمیستی لەو روانگەیەوە دەڕوانێتە مەسەلەی نەتەوەیی هەر وڵاتێك و هەر گەلێك کە جیایە لە مەسەلەی نەتەوەیی وڵاتانی ترو جیایە لە خەباتی جیهانی دژ بە ئیمپریالیزم، بە زۆری ئەم بۆچوونە، ئەگەر یەکێك پەیدا بیٚ و بەسەر نەتەوە چەوساوەکانیدا بیسەپێنیٚ دەگاتە قۆناغی سازش لەگەڵ ئیستعمار و پاشان کەوتنە ژێر رکێفی ئیستیعمارەوە.

هەر بەم شێوەیە مەسەلەی عەرەب خرایە بازنەی سیاسەتی ئیستیعماری بەریتانیا و هاوپەیمانەکانییەوە هەروەها مەسەلەی ئاسوورییەکان و گەلێك لەو نەتەوانەش کە ئیستیعماری بەریتانیا وەکو (چرنۆکی پشیلە) یەکێکە لە پێشەواکانی بەریتانیا گووتەنی، بەکاریان دەهێنیٚ، خرایە بازنەی سیاسەتی ئیستیعماری بەریتانیاوە، ستالین دەڵیٚ (جاران لە روانگەی ریفۆرمیستییەوە وا دەڕوانرایە کێشەی نەتەوەیی کە کێشەیەکی سەربەخۆیەو چ پێوەندییەکی بە کێشە گشتییەکانی حوکمی سەرمایەداری، بە هەڵتەکاندنی ئیمپریالیزم، بەشۆڕشی پرۆلیتاریاوە نییە. بە شێوەیەکی پەنامەکی دەگوترا کە دەشێت پرۆلیتاریا بەبیٚ هاوپەیمانی راستەوخۆش لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاری کۆلۆنەکاندا سەر بکەویٚ. کێشەی نەتەوەیی کۆلۆنەکان دەشێن بە بیٚ شۆڕشی پرۆلیتاریای گشتی، بەبیٚ خەباتی شۆڕشگێڕانەی دژ بە ئیمپریالیزمیش، بە هێوری و خۆبەخۆ چارەسەر بکریٚ. بەڵام ئەمڕۆکە دەتوانین بڵێین کە ئەم بۆچوونە ئەنتی شۆڕشگێڕیە تەواو ریسوا بووە. لینینیزم سەلماندوویەتی و جەنگی ئیمپریالیستی و شۆڕشی رووسیا دووپاتیان کردووەتەوە کە کێشەی نەتەوەیی تەنیا لە رێگای هاوبەستەگی لەگەڵ شۆڕشی پرۆلیتاریا و لەسەر بناغەی شۆڕشی پرۆلیتاریا دێتە چارەسەرکردن. رێگای سەرکەوتنی شۆڕش لە رۆژئاوادا بریتییە لە هاوکاری و هاوپەیمانیی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ بزوتنەوەی رزگاریخوازی کۆلۆنەکان و وڵاتە نا سەربەخۆکان، دژ بە ئیمپریالیزم. کێشەی نەتەوەیی (بەشێکە لەکێشە گشتیی شۆڕشی پرۆلیتاریا، بەشێکە لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا....هتد) (بنچینەکانی لینینیزم – ل ٧٠).

سێیەم: چارەسەری ریفۆرمیستی، مەسەلەی نەتەوەیی لەسەر بناغەی تێکستە رەسمییەکان بینا دەنیٚ و زۆربەی کات خۆی لە خەبات دەبوێریٚ و پشت بە بەیاننامەو بەڵێنی هەڵخەڵتێنەر دەبەستیٚ.

ستالین لەم بارەیەوە دەڵیٚ (مەسەلەی نەتەوە چەوساوەکان زۆربەی کات هەر بە مەسەلەیەکی یاسایی رووت زانراوە. ئەو بانگەوازە زوڵاڵ و بەیاننامە لە ژمارە نەهاتووانەی کە حیزبەکانی ئەنتەرناسیونالیزمی دووەم پێی دەژیان، حەقیقەتی –یەکسانی گەلان– لە سایەی ئیمپریالیزمدا روون دەکاتەوە، کە کۆمەڵێك نەتەوەی (کەم) لەسەر حیسابی چەوساندنەوەی کۆمەڵێکی دی دەژین، خۆی لە خۆیدا گاڵتەکردنە بە نەتەوە چەوساوەکان) مایەپوچی چارەسەری ریفۆرمیستی بە تایبەتی لە مەسەلەی کوردا، وێڕای ئەوە هەموو بەیاننامە و بەڵێنانەی کە لەم بارەیەوە دەرچوون و دراون... (هەر لە سەرەتای پەیدا بوونی بزوتنەوەی نەتەوەیی لە سەردەمی

عوسمانیدا و لە سەردەمی داگیرکەری بەریتانیاو سیستەمی حکومەتی عێراقی و دەستکردی بەریتانیاوە تاکو ئەمڕۆ) بە تەواوی سەلماوە. مەسەلەی کورد بەلای ئیستیعماری بەریتانیاو هاوپەیمانەکانی و حکومەتی عێراقی و نۆکەری خۆی و کۆمەڵەی نەتەوەکان کە بەریتانیا بە مەیلی خۆی هەڵی دەسوڕاند لە کۆمەڵە بەیاننامە و خوتبەو راسپاردنێك...هتد بەلاوە چی دی نییە، تەنها چاوخشاندنێك بە گرنگترین دەقی ئەو بەیاننامانەدا، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە چۆن گەلان هەڵدەخەڵەتێندرێ و چۆن مەسەلەکانیان لە لێشاوی ئینشانووسی یاسایی پوچەڵدا غەرق دەکرێت یەکەم بەیاننامەیەك کە پڕوپاگەندەی سەرمایەداری زۆری پیادا هەڵگوت و پاشان کردی بە دار دەست بۆ ئەنجامدانی تەماحی ئیمپریالیستانەی خۆی بەیاننامەکەی سەرەك (ویلسن)ـە کە لە خاڵی دووەمدا دەڵێ (.... ئەو نەتەوانەی دیکەش کە هەنووکە لە ژێر دەسەڵاتی تورکی دان دەبێ دەرفەتی تەواوی پەرەسەندنی زاتییان بۆ دابین بکرێت). هەروەها پڕوپاگەندەی ئیمپریالیستی زۆری بە شان و باڵی ئەو راگەیاندنەدا هەڵگوت کە لە فێبرایەری ١٩١٨دا لەلایەن بەریتانیاوە بڵاوبۆوەو تیایدا دەڵێ (ئامانجی فەرەنسا و بەریتانیای مەزن لە شەڕی رۆژهەڵاتدا، لەو شەڕەی کە زادەی تەماحی ئەڵمانییەکان بوو. ئەوەیە کە ئەو گەلانەی بۆ ماوەیەکی زۆر لەلایەن تورکەوە چەوسانەوە، بگەنە ئازادی تەواو و یەکجاری و حکومەتی نیشتمانیان بۆ بێتە دامەزراندن و سەرچاوەی دەسەڵاتی دامو دەزگا کارگێڕییەکانیان بە ویست و هەڵبژاردنی ئازادی دانیشتوانی ئەسڵی بی) لە سەردەمی داگیرکردندا حکومەتی بەریتانیا سوور بوو لەسەر ئەوەی کە (بەریتانیا بۆیە سنووری دەسەڵاتی خۆی گەیاندە ناوچەی کوردستان تا ئارەزووی خەڵکەکە دابین بکاو یارمەتیان بدا لە حکوم کردنی خۆیاندا) لە ساڵی ١٩٢٠دا پەیمانی سیڤەر مۆرکراو بەپێی بەندی (٦٢، ٦٣و ٦٤)ی ئەم پەیمانە پرۆژەیەکی تەمو مژاوی بە نیسبەت دامەزراندنی حکومەتێکی کوردییەوە لە رۆژهەڵاتی فوراتەوە بۆ باشووری رۆژئاوای ئەرمینیا لە تورکیادا، هێنرایەکایەوە ئەویش لە ماوەی شەش مانگدا لە تەتبیق کردنی پەیمانەکە، بە مەرجێ جیابوونەوەی ئەم دەوڵەتە لە تورکیا بەپێی ویست و خواستی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بێ لە ماوەی یەك ساڵدا لە رۆژی تەنفیزکردنی پەیمانەکەوە و دەبێ ئەنجوومەنی نەتەوەکان قەناعەت بەو ئارەزووە بکات و بڕیاری لەسەر بدا. لەم حاڵەتەدا (هاوپەیمانەکان) بەرهەڵستی کوردەکانی تری عێراق نەکەن ئەگەر بیانەوێت بچنە ناو ئەو دەوڵەتەوە، بەڵام ئەم پرۆژەیە لە بناغەوە هەڵوەشێنرایەوەو تورکیا پەیمانی سیڤەری رەفز کردو پەیمانی لۆزان خرایە شوێنی و لەم پەیمانەدا هەر ناوی پەیمانی سیڤەریش نەما.

لە ساڵی ١٩٢٢دا بەریتانیا هەستی بە خەتەری شۆڕشی کورد کرد، بۆیە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بەیانێکی هاوبەشیان دەرکرد کە حکومەتی بەریتانیا و عێراق ئیعتراف (بەوە دەکەن کە کوردانی ناو سنووری عێراق مافی ئەوەیان هەیە لە چوار چێوەی ئەم سنوورەدا دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێت، بە هیوان کە کوردەکان وێڕای جیاوازی رەگەزیان لە زووترین کاتدا لەسەر شێوەی ئەو حکومەتەو سنووری ئەم حکومەتە رێك بکەون و نوێنەری خۆیان بنێرن بۆ لای مەسئولەکانی بەغدا تا باسی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی خۆیان لەگەڵ هەردوو

**حکومـەتی ئینگلتـەرا و عێراقـدا بکـەن)** لـە تـەمووزی ۱۹۲۳دا ئەنجوومـەنی وەزیرانـی عێـراق بەیانێکی دەرکردو بە شێوەیەکی پەنامەکی پەیامی یەکەمی هەڵوەشاندەوە و مەسەلەکەی خستە قاڵبی ئـەوەوە کـە (حکومـەت بـە نیـاز نییـە خـەڵکی شارۆچکەکانی بـاکوور ناچـار بکـات کـە لـە مراسەلاتی رەسمیاندا زمانی عەرەبی بەکار بێنن. هەروەها ماف ئایینی و شارستانی خەڵکەکەو تـیرە ئایینییـەکان لـەو شارۆچـکانەدا بـە دروسـتی دابـین دەکـرێن) . لـە سـاڵی ۱۹۲٥دا لیژنـەی ئینتیدابی کۆمەڵەی نەتەوەکان بە تەئسیری بەریتانیا رازی بوو کە ویلایەتی موسڵ بخرێتـە سـەر عێراق بە مـەرجێ (خواستی کوردەکـان لـە دامەزراندنی فەرمانبـەری کوردو بەکارهێنانی زمـانی کوردی رەچاو بکرێت) وەڵامی هەردوو حکومەتی (بەریتانیا و عێراق) سێ خوتبەی (خەتەر) بوو کە سەرەك وەزیرانی عێراق لە ۲۱/ك۲/۱۹۲٦دا یەکێکیانی خوێندەوەو تیایدا گوتی: "..... **دەبێ ماف کوردان بدرێ، فەرمانبەر لەخۆیان بن. زمانیان زمانی رەسمی بێت منداڵـەکانیان بـە زمـانی زگماکی خـۆ بخـوێنن، پێویـستە هەڵـسوکەوتمان لەگـەڵ هـەموو کەسـێکی موسـوڵمان و غـەیرە موسڵماندا هەق و عادیلانە بێ و ماف خۆیانیان بدەینێ**". پاش چوار رۆژ هەردوو باوەڕپێکراوی سـامی بـەریتانیا و مـەلیك فەیـسەڵ بـە بۆنـەی رێزلێنـانی بەیانەکـەوە خوتبـەیان دا. نـاوەڕۆکی هەردووخوتبەکەیان کاوێژکردنەوەی هەمان ناوەڕۆکی خوتبەکەی سەرۆك وەزیران بوو.

لـە سـاڵی ۱۹۳۰دا وەختـێ پـەیمانی نێـوان بـەریتانیا و عێـراق مـۆر کـرا، لـە سـلێمانیدا هـەراو نـاڕەزایی بـەرپا بـوو و، خـەڵکی داوای ئـەوەیان دەکـرد کـە لـە حاڵـەتی قبـوڵ کردنـی عێـراق لـە کۆمەڵەی نەتەوەکاندا، مافە نەتەوەییەکانی کورد دیاری بکرێت. عـەرزو حاڵێك درا بە کۆمەڵـەی نەتـەوەکان کـە حکومـەتێك لـە سـایەی سەرپەرشـتی کۆمەڵـەدا بـۆ کـورد دابمـەزرێ. لیژنـەی هەمیـشەیی ئینتیـداب عـەرزو حاڵەکـەی لەبـەر هەنـدێ هـۆی یاسـایی رواڵـەتی رەت کـردەوەو بەریتانیای ئاگادار کردەوە کە (کارێکی وا بکات ئەو وەزع و حاڵەی کورد تیایـەتی، بپارێزرێ) بـەڵام هـەردوو حکومـەتی بـەریتانیاو عێـراق وەزع و حـاڵ و هەڵوێـستەکەیان بـە سـەرکوتکردنی شۆڕشەکەو بە دوو خوتبەی خەتەر چارەسەر کرد کە لە ۱۱/ئاب/۱۹۳۰دا لەلایەن جێداری سەرۆك وەزیران و لەلایەن جێداری باوەڕپێکراوی سامی بەریتانیاوە لـە سلێمانی خوێندرانـەوە هـەردوو خوتبەکـە رەنگدانـەوەی تـەبایی و هاوئاهـەنگی سیاسـەتی هاوبەشـی بـەریتانیاو عێـراق بـوون. وێڕای ئەوەی بەڵێنی رێزگرتنی زمانی کوردی و دامەزراندنی ئەو فەرمانبەرانەی زمـانی کـوردی چاك دەزانن لە باکووردا گرتبووە خۆ. پڕ بوون لە هەڕەشەو گوڕەشە لەو کەسـانەی کـە کەڵکەڵـەی کوردایـەتیان لەسـەرە. گوایـە تاقـە نەتـەوەی رەسمـی، نەتـەوەی عێراقـە، هـەر کـاتێ مەسـەلەی مۆرکردنی خەرجی دامراندنەوەی شۆڕشێك لە شۆڕشەکانی کورد هاتبا گۆڕێ ئەوا لـە پەرلەمانـدا مناقەشەیەکی ئەفلاتونی بەرپا دەبوو کە: **(ئایا کێشەی کورد هەیە؟ نـە ء . بەڵێ هەیە. نەخێر نییە. ئەمە هەمووی پڕوپاگەندەو بانگەشەی رووخێنەرە. هەموومان عێراقین و هیچ جیاوازییەك لە نێوان عەرەب و کوردا نییە.... هتد)**.

زۆر جار مەسەلەکە بە خوتبەیەکی خەتەرناکی یەکێك لە مەسئولە بەرپرسـەکانی کاروبـاری کـورد دەبڕێنرایەوە. ئەمەیە رێگای ریفۆرمیستی. هـەموو چارەسـەرێکی بـۆ مەسـەلەی کـورد ئەوەیـە کـە

دان بە ماف بەکارهێنانی زمانی کوردیدا بنرێ و فەرمانبەرانی کورد دابمەزرێن. ئەوجا غەرق کردنی مەسەلەی کورد لە ناو قسەی قەبە و بۆش و بە تاڵ و رازاوەی ناو پەرلەمان و ستوونی رۆژنامەکاندا وەکو چۆن گوندە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان لە دووکەڵ و باروتدا غەرق دەکرێن. چارەسەری ریفۆرمیستی لە پاڵ دان نان بە زمانی کوردی و دامەزراندنی فەرمانبەرانی کوردا، مەسەلەی کوردی خستە سەر دوو هێڵی هاوتەریب، یەکێکیان تایبەتە بە ناردنی مەترەلۆز و رەگبارو هەموو چەشنە چەك و تەقەمەنییەك و سەرباز، ئەوی دیکەیان تایبەتە بە قسەی زل و فشە بەڵێن و خوتبە (سا ئەی گەل خوتبە بخۆو تێر بە). چالاکی هەردوو هێڵەکە و چالاکی شۆڕشگێڕانە لە زیادییەکی راستەوانەدان. سەیر دەکەی چارەسەری ریفۆرمیستی لەم مەسەلەیەدا بە تایبەتی و لە مەسەلەی نەتەوەییدا بەگشتی، بەشێکە لە رێبازی ئیمپریالیستانە، واتە رێبازی رەفزکردنی ئازادی ماف چارەنووس، سەرگەرمکردنی نەتەوە چەوساوەکان بە کۆمەڵە ئینشانووسی و کلێشەیەکی رواڵەتی، لەبەر داهێنان بۆ هەندێ داخوازی میللەتە چەوساوەکان ئەگەر کار بکاتە سەر دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیەکان.

**ب- چارەسەری ئەنتەرناسیونالی پرۆلیتاریانە (ئازادی مافی دیاریکردنی چارەنووس و کۆنفدرالی)**

کە باس دێتە سەر مەسەلەی کورد، لە ژێر پەردەی یەکێتییەوە هێرش دەکرێتە سەر ئازادی ماف دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد، یەکێتی دوو لایەنی هەیە: لایەنی راست و لایەنی چەپ یا نیمچە چەپ، شۆڤینیستی راست لە سایەی دروشمی یەکێتیی عێراقدا، واتە یەکێتیی کۆت و زنجیری ئیمپریالیستانەدا، بەربەرەکانی نەتەوەی کورد دەکات، بە نیسبەت ئەم شۆڤینیستیەوە مەسەلەیەك نییە بە ناوی مەسەلەی کوردەوە بەڵکو مەسەلەی (نەژادی) عێراقی هەیە. عێراقییەکانش بەپێی دەقی دەستوور یەکسانن لە بەردەم یاسادا، وەکو لە پێشەکییەکەدا بۆمان بە دیار کەوت هەردوو جەماعەتی (القاعده) و (رایه الشغیله) کە هەردووکیان ناوی (حزبی کۆمۆنیستی عێراقیان هەڵگرتووە، هەردوو ئازادی ماف دیاریکردنی چارەنووس و جیابوونەوە تێکەڵ دەکەن). سکرتێری جەماعەتی (القاعده) دەڵێ (ئازاری ١٩٥٤): (کاتی خۆی هەندێ تاقمی ئۆپۆرتۆنیست حزبمانیان بەوە تاوانبار کردووە کە ئێمە دان بە ماف جیابوونەوەی گەلی کوردا نانەین... ئایا هاوڕێ فەهد دانی بە ماف گەلی کوردا نەناوە، واتە بە ماف دیاریکردنی چارەنووسی خۆی؟ ئەو ئۆپۆرتۆنیستانە و کوردە شۆڤینیستەکان دەیانویست هاوڕێ فەهد لە بری بانگەوازی خەباتی هاوبەش دژ بە داگیرکەر، بانگەوازی جیابوونەوەی گەلی کورد بدات. بەمەش دەیانەوێ یەکێتی خەباتی هاوبەشی نێوان نەتەوەکان سست بکەن) ل ٤٦. جەماعەتی (رایه الشغیله)ش لە نامیلکەی ژمارە سێیاندا (ك دووەم ١٩٥٤) دەڵێن (ئایا حزبمان، ئایا هاوڕێ فەهد کە داوای یەکسانیی تەواویان کردووە، بەمە ماف دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کوردیان ئینکار کردووە؟ ئایا حزبمان بۆ ئەوەی ریڤیژنیست و ئۆپۆرتۆنیستان پەلاماری نەدەن، دەبێ گیانی جوداخوازی لە نێو نەتەوەی کوردا بڵاوبکاتەوە؟ ل١١).

بەم جۆرە هەردوو جەماعەتەکە داکۆکی لە هەڵوێستی خۆیان دەکەن، لە هەڵوێستی ئینکارکردنی ئازادی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد. (لە مەیدانی پراتیکدا) و لە پەیڕەوو پرۆگرامیانا، لە دروشمەکانیانا، لە هێرشکردنیان بۆ سەر چارەسەرکردنەکەی ئێمە بۆ مەسەلەی کورد – هەردوو لایان داکۆکی لە هەڵوێستی خۆیان، واتا داکۆکی لە هەڵوێستی تێکەڵی کردنی ئازادی دیاریکردنی چارەنووس لەگەڵ جیابوونەوەدا دەکەن. ئایا ئەمە لە رووی نەزانینیەوەیە یا لە رووی خۆنەزان کردنەوە بووە.

ئازادی دیاریکردنی چارەنووس بریتییە لەوەی کە گەل ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەو رێگایەی کە پێی قایلە، یا ئەوەتا جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ هەڵدەبژێرێ یا یەکێتی هەڵدەبژێرێ، هەڵبەتە سادەترین خەڵکان دەزانن کە ئازادیی دیاریکردنی چارەنووس مەرجێکی سەرەکی کۆنفدراڵییە. ئەمە جگە لەوەی کە لە گەلێ شوێندا لەلایەن (لینین و ستالین)ەوە روون کراوەتەوە، ئەم قەوانە واتە قەوانی سڵ کردن لە جیابوونەوەی گەلی کورد، لەلایەن کەسانی جۆراو جۆرەوە لێ دەدرێتەوە، هەر لە ئیمپریالیزمی بەریتانیا و بیروکراسییەوە تا دەگاتە نووسەرانی نیمچە پێشکەوتووخواز (بڕوانە ئەو دەقەی لە کتێبی –علی طریق الهند، وەرمان گرتووەو هەردوو جەماعەتی قاعیدە و رایە الشغیلە– وێڕای دووریان لێکدی. بەڵام مخابن ئەوەیە ئەم دروشمە شۆڤینیستییە لە رستەگەلی نیمچە چەپڕەوانەدا وەپێچرێ و ئەم تورەهاتە ناو بنرێ مارکسیزم. بەڵام بەکارهێنانی جیابوونەوەو یەکێتی بەبێ تەماشاکردنی مەسەلەکە لە روانگەی هەردوو گەلەکەوە –گەلی عەرەب و گەلی کورد– تێکەڵ کردنە لە روویەکی ترەوە، عێراقیەکان (وێڕای پایەی چینایەتییان) جگە لە کەمە نەتەوەکان یا عەرەبن یا کوردن، هەر یەکێك لەم دوو گەلەش لەلایەنێکی جیاوە رووبەڕووی کێشەکە دەبنەوە. ئێمە کێشەیەکی زەقمان لە بەردەمە. کێشەی گەلێکی بن دەست کە لە پێناوی ئازادی خۆیدا دەخەبتێ، واتە کێشەی گەلی کورد، دیارە پەیوەندی ئینسانی کورد بەم کێشەیەوە جیاوازە لە پەیوەندی ئینسانی عەرەب بەم کێشەیەوە. ئینسانە کوردەکە ئەندامێکی گەلی بن دەستە. عەرەبەکە ئەندامێکی گەلی سەر دەستە با لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی بەریتانیاشدا بێ، چونکە سیستمی دەسەڵات با بە ناوی عێراقیشەوە بێ. با لە ناوەڕۆکدا ئیستیعماریش بێ، بە شێوەو فۆرم عەرەبییە. عەرەب فاکتەری سەرەکی ئەم دەزگا بیروکراتییەیە. بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوەکە دوو لایەن بگرێتە خۆ، لایەنی یەکەمیان هەڵوێستی جەماوەری عەرەب دەرهەق بە مەسەلەی کورد و خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد بگرێتەخۆ. لایەنی دووەمیان پێوەندی نەتەوەی کورد و عەرەب و ئاراستەکردنی جەماوەری لە کاتی خەباتیان و لە کاتی رزگار بوونیان بگرێتە خۆ.

### أ- هەڵوێستی جەماوەری عەرەب:

***ئازادی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد:***

عەرەب و کورد لە باری سایکۆلۆژییەوە زۆر لە یەکدییەوە نزیکن و ئەم نزیکییەش زادەی مێژووی هاوبەشی چەندین سەدەیە. ئەو عەرەبەی هەر قیچێك لە مێژوو بزانێ ئەوا صلاح الدین

بە یەکێك لەو پێشینانەی خۆی دەزانێ کە شانازیان پێوە دەکات. هەروەها کوردیش هەمان بۆچوونیان هەیە دەرهەق بە عەرەبە پیاوچاکەکانی مێژووی ئیسلام. خۆ ژن و ژنخوازی لە نێوان کوردو عەرەبا زیاترە وەك لە نێو عەرەبەکان خۆیاندا (لە نێو شیعەو سوننەی عەرەبا) بەلام عەرەب تا رادەی شەرمەزاری بێ ئاگان لە تەبیعەتی مەسەلەی کورد، بۆچوونی باو لە نێو بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد یا ئەو بۆچوونەی تا ئەم نزیکانەش لە نێو بزوتنەوەی نەتەوەی کوردا زاڵ و باو بوو، کە بۆچوونی رەسمی بزوتنەوەکەیە، ئەوەیە کە کورد (عێراقین) و ئەوانەی تەنیا کوردانە بیر دەکەنەوە جوداخوازن و دوژمنی یەکێتی عێراقن، بگرە هەندێ جار دەوترێ کە نۆکەری ئیمپریالیزمی بەریتانیان، ئەو بەریتانیانەی کە بەربەرەکانی و دوژمنایەتی نەتەوەی کورد دەکا و نەتەوەی کورد بە خەتەر دەزانێ بۆ سیستەمی حوکمی کۆنەپەرستانە لە هەر سێ وڵاتە دراوسێکەدا.

سێ هۆی سەرەکی تاماوەیەکی زۆر بوونە مایەی گومڕایی جەماوەری عەرەب سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیی کورد کە ئەمانەن:

**١- دوژمنایەتی کورد لەلایەن شۆڤێنیزمی عەرەبەوە.**

**٢- پروپاگەندەی حکومەت.**

**٣- قۆستنەوەی بزووتنەوەی کورد لە لایەن نۆکەری ئیمپریالیزمەوە.**

ئەگەر هەندێ قووڵتر سەرنج بدەین سەیر دەکەین ئەم مەسەلەیە لە سێ قوتابخانەی فیکری جیاوازدا رەنگی داوەتەوە.

**١- قوتابخانەی رەسمی:**

وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ئەم قوتابخانەیە رەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمی بەریتانیایەو (بە شێوەیەکی رەسمی و لە چوارچێوەیەکی تەسکی پراتیك)دا دان بە بەکارهێنانی زمانی کوردی و دامەزراندنی فەرمانبەرانی کوردا دەنێت. بەلام دوژمنایەتییەکی ئاشکراو دڕندانەی بزوتنەوەی نەتەوەی کورد دەکات و بە خەتەری دەزانێ بۆ (نەتەوەی عێراق) ئەم نەتەوە خەیاڵییەی کە پێی وایە کوردو عەرەب لە بۆتەی خۆیدا دەتوێنێتەوە، لە راستییا دووڕووییەکی ریسوا بووە.

**٢- قوتابخانەی کۆنەپەرستی شۆڤێنیستانە:**

کە کۆنە جاسوسەکانی هیتلەریەت زۆر بە توندی نمایندەگیان دەکرد، ئەو کۆنە جاسوسانەی پاشان خۆیان هاویشتە باوەشی ئیمپریالیزمی بەریتانیا و ئەنجام خۆیان لە هەندێ سەرکردەی حیزبی ئیستقلال و لە هەندێ لەوانەدا بینییەوە کە لەسەر تەهریج بە ناوی عروبەوە دەژین.

ئەم قوتابخانەیە خەون بە ئیمپراتۆریەتی عەرەب و بە عەرەبکردنی خەڵکانی غەیرە عەرەبەوە دەبینێ و هەندێ جار لەلایەنە ئەنتەرناسیونالییەکەیەوە ئاینی ئیسلام رەفز دەکات. بەلام ئەمڕۆکە ناوێرێ بە ئاشکرا و بە زەقی ئەم رایانە بخاتە روو. هەرچەندە ئەم دوو قوتابخانەیە لە باری فەلسەفیانەوە جیاوازن، بەلام لە باری سیاسەتی پراکتیکییەوە یەك دەگرنەوە کە ئەویش سیاسەتی ئینکارکردنی نەتەوەی کورد و ملکەچ کردنی کوردە بۆ بەرژەوەندییە

ئیمپریالیستییەکان. یاسین الهاشمی لە وتەیەکیدا پاکانە بۆ ئەوە دەکات کە یەکەم ئیمتیازی نەوتی عێراق بێ هودە درایە ئیمپریالیستەکان و دەڵێ: (ناچار بووین چونکە بەریتانیا هەڕەشەی لێ کردین کە ئەگەر ئیمتیازی نەوتەکەی نەدەینێ ئەوا موسڵ دەدا بە تورکیا) وێڕای بێ مەعنایی ئەم بە ناو هەڕەشەیە سەیر دەکەین ئەم سیاسەتمەدارانە بەوە پاکانە بۆ خۆ دەکەن کە بۆیە خزمەتی ئیمپریالیزم دەکەن و نەوتی دەدەنێ تا ئیستعمار لە بری ئەوە داگیرکردنی کوردستانیان بۆ دەستەبەر بکات، ئەم سەوایەش بە دەستەوا دەزانن.

**٣- قوتابخانەی بەرەی پێشکەوتوخواز:**

هەر چەندە ئەم گوزارشتە گەلێك بەربڵاوە بەڵام هەموو جەماوەری زەحمەتکێش و ئازادانی بۆرژوازی دەگرێتەوە، هەر چەندە هەموو ئەوانەی کە وشەی (پێشکەوتوخواز) دەیان گرێتەوە، بەپێی جیاوازی پرانسیپی گشتیان، بۆچوون و روانینی جیاوازیان هەیە دەرهەق بە مەسەلەی کورد، بەڵام هەڵوێستێکی هاوبەشیان هەیە. ئەویش هەڵوێستی رەفزکردنی زوڵم و زۆرە، هەڵوێستی رەفز کردنی فەلسەفەی شۆڤینی و دوژمنایەتی و ئیستغلال کردنە، ئەم بەرەیە گلەیی ئەوەی دێتە سەر کە هەڵوێستی بەرامبەر بە بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد سست و لاوازە.

خۆ پێشتر راوبۆچوونی سەلبی (عەبدولفەتاح ئیبراهیم)مان لەمەڕ نەتەوەی کورد بینی کە گوایە ئیمپریالیزمی بەریتانیا بزووتنەوەی کوردان دەلاوێنێ.

چ رێبازێکی پێشکەوتوخوازانەی بەرجەستە لەمەڕ ئەم مەسەلەیە پەیدا نەبوو، تەنیا پاش بزوتنەوەی ئەم دواییەی بارزانییەکان نەبێ کە گشت رۆژنامەگەری پێشکەوتووخواز کەوتنە بەرگری و داکۆکی لە بارزانییەکان. کۆمۆنیستەکان سەرەڕای ئەوەی باوەڕیان بە ئازادی ماف دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد هەیە، بەڵام دروشمێکی بەهێزی ئەوتۆیان تێدا پەیدا نەبوو کە جاڕ بۆ ئەم پرانسیپە بداو بڵاوبکاتەوەو بیکا بە هێزێکی بزوێنەر. دروشمی باوی پێشکەوتووخوازەکان بانگەوازی (برایەتی نەتەوەو تیرەکانی گەلی عێراق) بوو، ئەویش بە شێوەیەکی گشتیانە بێ چوونە بنج و بناوانی خەسڵەتەکانی ئەم نەتەوانەوە، بە تایبەتی کێشەی نەتەوەی کورد کە زەرورەت وا دەخوازێ پەلەی تێدا بکرێ و بە شێوەیەکی ریشەیی چارەسەر بکرێ. لە ئەدەبیات و پەیڕەوی حزبەکاندا چ چارەسەرێکی وردو دروست بۆ ئەم مەسەلەیە نەخراوەتە روو (حزب الشعب لە پەیڕەوی ناوخۆو لە کتێبی (حقائق عن حزب الشعب)دا زۆر بە کورتی باسی کردووە، هەر کوردە دیموکراسی خوازەکان دەستپێشکەریان کردو کەوتنە داکۆکی لە بارزانییەکان. بەلام باقی لایەن و حزبەکان تەنیا لە بازنەی پشتگیریدا دەخولانەوە. بە هەر حاڵ دەتوانین بڵێین کە بە شێوەیەکی گشتی هەڵوێستی عەرەبە پێشکەوتوخوازەکان باش بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستێکی گەرم و گوڕو روانینێکی هەمە لایەن و بنج بڕی بۆ خەسڵەتەکانی کێشەی کورد نەبوو، هەڵوێستی سستی پێشکەوتوخوازانی عەرەب سەبارەت بە مەسەلەی کورد خەتەرێکی گەورەی تێدایەو زیان لە بزووتنەوەی رزگاریی نیشتمانی عێراق دەدا.

١- دەبێتە هۆی لاوازی رۆشنبیراندنی ئەنتەرناسیۆنالیستانەی جەماوەری عەرەب و دەرفەت بۆ زاڵبوونی دروشمی کۆنە پەرستانەی شۆڤێنیستی دەرەخسێنێ زەمینە بۆ کۆنەپەرستان و

**نۆکەرانی ئیمپریالیزم هەموار دەکات کە رابەرایەتی جەماوەریان بکەوێتە دەست و بە کوێرە رێگای خزمەتکردنی ئیمپرایالیزمیا بەرن، وەك چۆن ئەم جەماوەرەیان بە کوێرە رێگای چەوساندنەوەی جولەکەدا بردو بەمە توانیان ریزەکانی گەلی عێراق لێکدی هەڵبڕن (بڕوانە لێکۆڵینەوەکەمان: تیرۆری گشتی و چەوساندنەوەی جولەکە لەعێراقا) هەڵبەتە کۆنەپەرستی عەرەب کە نەی وێرا وەکو چۆن پەلاماری جولەکەی دا، واش پەلاماری نەتەوەی کورد بدا لەبەر ئازایەتی سیاسەتی پێشکەوتووخوازان دەربارەی مەسەلەی کورد نەبوو، بەڵکو لەبەر ترسانی کۆنەپەرستان بوو لە هێزی جەماوەری کورد و تەبایی ئەم هێزە.**

**٢- سستی و کەم تەرخەمی جەماوەری عەرەب دەرهەق بە مەسەلەی کورد، رێگا بۆ چەکەرە کردنی گومان لەلای جەماوەری کورد دەربارەی زۆربەی عەرەب خۆش دەکات، ئەمەش خەتەرێکە کە هەڕەشە لە یەکێتیی خەباتی جەماوەری عێراق دژ بە دوژمنی هاوبەشیان دەکات.**

**ئەوەی شایەنی باسە وێڕای کەم تەرخەمی پێشکەوتووخوازانی عەرەب دەرهەق بە مەسەلەی کورد، هێشتاش هاوکاری جەماوەری کورد لەگەڵ جەماوەری عەرەبدا لە خەباتیاندا دژ بە ئیمپریالیزم و سیاسەتی تیرۆر هەر پتەو و کۆك بووە.**

**باشە جەماوەری زەحمەتکێشی عەرەب دەبێ چ هەڵوێستێکیان دەرهەق بە مەسەلەی کورد لە عێراقدا، هەبێ؟ ئەم پرسیارە تایبەتە بە مەسەلەی کوردی عێراقەوە چونکە لەلایەکەوە بابەتی لێکۆڵینەوەکەمانەو لە لایەکی ترەوە پێوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان جەماوەری عەرەبی عێراق و بزوتنەوەکانی گەلی کورد لە دەرەوەی عێراقدا نییە.**

**هەڵبەتە هەڵوێستی ئەم جەماوەرە بە شێوەیەکی گشتی پشتیوانی کردنە لە بزووتنەوەکانی نەتەوەی کورد. بەڵام دەربارەی مەسەلەی کورد لە عێراقدا ئەمە وەڵامەکەیە:**

**یەکەم: ئەم یەکێتییەی ئێستا لە عێراقا هەیە، یەکێتییەکی دەستکردەو ئیمپریالیزمی بەریتانیا کە جەماوەری عەرەب و کورد دەچەوسێنێتەوە بە تۆپزی لە پێناوی قازانجەکانی خۆیدا دروستی کردووە، ئەم یەکێتییە بە زەبری تیرۆری پۆلیسی و سوپایی بەرێوە دەبرێ و یەکێتی کۆت و زنجیرە. هەر هەوڵدانێك بۆ بەردەوام بوونی ئەم یەکێتییە هەوڵدانە بۆ پایەداری ئەو سیاسەتە ئیمپریالیستییەی کە دایمەزراندووە. هەوڵدانە بۆ بەردەوام بوونی ملکەچی، بۆ پتەوکردنی پایەی ئیمپریالیستی بەریتانیاو بۆ سەپاندنی کلۆڵی و چەوساندنەوە بەسەر جەماوەری عێراقا هەرگیز ئەوە راست نییە لە سایەی رژێمێکی وابەستەو نۆکەری ئیمپریالیزمدا چاوەنۆڕی گۆڕانی بنچینەیی وەزع و حاڵ و بەدیهاتنی ئازادی و یەکسانی بکرێ. بۆیە جەماوەری زەحمەتکێشی عەرەب لە سەرێتی و قازانجی لەوەدایە ئەم کۆت و زنجیرانەی کە خۆی و نەتەوەکانی دی بە سیستەمی ئیستعماریانەی دەست کردی بەریتانیاوە گرێ دەدا، بپچڕێ.**

**دووەم: بانگەوازی جەماوەری عەرەب بۆ گواستنەوەی راستەوخۆ لەم حاڵەتەوە بۆ یەکێتیی عەرەب و کورد بانگەوازێکی هەڵەیە، چونکە تاقە بناغەیەك کە بشێت یەکێتییەکی دروستی لەسەر بینا بنرێ ئازادی هەڵبژاردنە. ئازادی هەڵبژاردنیش تەنیا لە بواری پەرەسەندنی راستەقینەی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو نەتەوەکەوە دێتە دی کە نەتەوەی چەوساوەو**

بندەست هەست بکات ئازادە لە هەڵبژاردنی یەکێتیدا، دیارە ئەم حاڵەت و هەستەش تەنیا لە ڕێگای بانگەواز و قسەی ڕووتەوە نایەتە دی.

**سێیەم:** تاقە ڕێگای دروست بۆ دڵنیا کردنی جەماوەری کوردو نزیك خستنەوەی لە جەماوەری عەرەب، ئەوەیە کە جەماوەری عەرەب بە تەواوی لە ناخەوە پشتیوانی لە خەباتی سەر سەختانەی گەلی کورد لە پێناوی ئازادی ماف چارەنووسدا، بکات و بە گژ ئیمپریالیزمی بەریتانیاو کۆنەپەرستانی عەرەبدا بچێ کە ئازادی ماف دیاریکردنی چارەنووس بەگەلی کورد ڕەوا نابینن. خەباتی چالاکانەی جەماوەری عەرەب لە پێناوی ئازادی ماف دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کوردا، هەستی برایەتی نەك هەر لەلای جەماوەری کورد، بەڵکو لەلای جەماوەری عەرەبیش دەخولقێنێ. بەڵکو ئەم بابەتە تاقە ڕێگایە بۆ ڕۆشنبیراندنی جەماوەری عەرەب بە ڕۆشنبیرییەکی دروست و چەسپاندنی گیانی ئەنتەرناسیۆنالیستی ڕاستەقینەو سڕینەوەی ڕەگ و ریشەی ڕەگەزپەرستی لە مێشکیانا، تاقە ڕێگایە بۆ ڕزگارکردنیان لە چنگی ئەو سەرکردە کۆنەپەرستانەی کە بە ڕێگای خزمەتکاری ئیمپریالیزم و چەوساندنەوەی نەتەوەکانی دیکەدا دەیانبات. پشتگیری دڵسۆزانەو خەباتی ڕاستەقینەی جەماوەری زەحمەتکێشی عەرەب لە پێناوی ئازادی ماف دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی کوردو نەتەوە چەوساوەکانی دیکەداو گۆش کردنیان بەگیانی ئەنتەرناسیۆنالیستی ڕاستەقینە، نەك هەر لە قازانجی ئازادی کەمە نەتەوە چەوساوەکاندایە، بەڵکو لە قازانج و لە پێداویستییەکانی ڕزگاربوونی عەرەبیشە لە چنگی ئیمپریالیزم، چونکە وەکو پێشتر بۆمان دەرکەوت مەسەلەی نەتەوەیی هەر گەلێك، واتە مەسەلەی ڕزگار بوونی لە چەوساندنەوەی بێگانە، بەشێکە لەخەباتی گشتی دژ بە ئیمپریالیزم. بەم پێودانگە ڕزگاربوونی عەرەب لەسەر ئاستی نیشتمانیدا ئەوە دەخوازێ کە بەرەیەکی شۆڕشگێڕی یەکگرتوو لەگەڵ نەتەوە چەوساوەکاندا پێك بێنێ بۆ لێدان و داڕوخانی ئیمپریالیزم، وە لەسەر ئاستی جیهانی ئەوە دەخوازێ کە بەرەیەکی شۆڕشگێڕی یەکگرتوو لەگەڵ نەتەوەی کۆلۆنەکان و وڵاتە وا بەستەکان و چینی کرێکاری دەوڵەتە سەرمایەدارییەکاندا پێك بێنێ بۆ لێدان و داڕوخانی یەکجارەکی ئیمپریالیزم. هەر نەتەوەیەك ڕۆشنبیری و گیانی برایەتی ئەنتەر ناسیۆنالیستی لە خۆیدا پەروەردە بکات و دەرك بە بایەخی ئازادی ماف دیاریکردنی چارەنووسی میللەتانی تر نەکات ناشێت ببێ بە ئەندامی ئەم بەرەیە، چ لە ئاستی جیهانی و چ لە ئاستی ناوچەییدا. ئاقیبەتی بەوە دەشکێتەوە کە ببێ بە داردەستی ئیمپریالیزمو ئیمپریالیزم بۆ مەبەستی دوژمنکاریانەی خۆی بەکاری دەهێنێ و هەر بە کۆیلەیی دەیهێڵێتەوە. ئەمە بەڵگەی ڕاستی و دروستی گوتەکەی مارکسە کە: "**نەتەوەیەك نەتەوەیەکی دی بچەوسێنێتەوە مەحاڵە ئازاد بێت**" جەماوەری عەرەب پێویستە ئەم حەقیقەتە بزانێ و دڵنیا بێ کە خەباتی لە پێناوی ئازادی و ماف دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردا یەکێکە لە پێداویستییەکانی ئازادی خودی عەرەب. مارکس باوەڕی وابوو کە ڕزگاربوونی ئیرلەندا لە چنگی دەسەڵاتی بەریتانیا پەیوەستە بە ڕزگاربوونی چینی کرێکاری بەریتانیا لە چنگی سەرمایەداری، پاشان بۆی دەرکەوت کە ڕزگاربوونی چینی کرێکاری بەریتانیا لە کاتێکا کە

ئیرلەندا لە ژێر کۆت و زنجیری بەرتیانیادا دەناڵێنیٚ، مەحاڵە. ئەمە بۆچوونێکی دروستە، چونکە زاڵی کۆنەپەرستییەت بەو رادەیە بیٚ کە ئیرلەندا کۆت بکا، مانای ئەوەیە کە چینی کرێکار هێشتا زۆر دوورە لەوەی لە کۆت و زنجیری ئەو کۆنەپەرستییەتە رزگار بیٚ. بەڵام هەڤبەستەگی رزگاری هەردوو نەتەوەکە لە عێراقا زۆر ئاشکرا ترە:

١- زۆر ئاشکرایە کە شوێنی ستراتیژی کوردستان راستەوخۆ زاڵە بەسەر باقی عێراقا (عێراقی عەرەبی)داو تاکو کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمدا بیٚ، رزگار بوونی عەرەب نیمچە مەحاڵە. ئەمە جگە لەوەی بە رادەی جیاواز کار دەکاتە سەر چارەنووسی سەر لەبەری گەلانی رۆژهەڵاتی نزیك.

٢- شوێنی ستراتیژی کوردستان بەلای (ئیمپریالیستەکانەوە) یەکێکە لەو کەناڵە گرینگانەی کە دەیانەویٚ لێوەی پەلاماری یەکێتیی سۆڤیەت بدەن، لەو پیلانە جەنگییە دوژمنکارانەیاندا کە سازی دەکەن و هەوڵی هەڵگیرسانی دەدەن.

٣- نەوتی کوردستان گرینگترین سەرچاوەیە کە ئیمپریالیستەکان بۆ پەرەپێدانی دەزگای جەنگی و تێرکردنی تەماحیی کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکانیان پشتی پیٚ دەبەستن. بۆیە رزگاری کوردستان نەك هەر بۆ کوردو نەتەوەکانی دیکەی گەلی عێراق، بەڵکو بۆ هەموو گەلانی رۆژهەڵاتی عەرەبی و رۆژهەڵاتی نزیکیش گرنگە. رزگاربوونی کوردستان تای تەرازووی گەلان قورس دەکاو جەزرەبەیەکی کوشندەیە لە ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا و سەر لەبەری بەرەی ئیمپریالیزم.

ئامۆژگاری لینینی نەمر بۆ کۆمۆنیستانی ئینگلتەرە ئەوە بوو کە بایەخ بە مەسەلەی ئیرلەندە بدەن، چەند پێویست و بەجێیە کە کۆمۆنیستانی عەرەب بگرە هەموو نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆزی ئازادی عەرەب بە هەمان تین و تاوەوە بایەخ بە مەسەلەی کورد بدەن. من لەلای خۆمەوە سەرنجی پێشکەوتووخوازانی عەرەب بۆ سووربوونی لینین لەسەر بانگەوازی ئازادی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلانی چەوساوە رادەکێشم و ئەم قسەیە ی لینینیان بیر دەخەمەوە: (هەقی خۆمانە و ئەرکی سەرشانمانە کە گشت سۆسیالیستێکی نەتەوەی چەوسێنەر بە ئیمپریالیست و خوێری بزانین ئەگەر درێغی لەم بانگەوازەدا کرد) بە هەر حاڵ (ئینسانی عەرەب نە بۆی هەیە و نە لە قازانجی ئازادی ئەو دایە کە ببیٚ بە قامچی دەستی جەلادانی داگیرکەر تا بیکا بە ئاگری گیانی نەتەوە چەوساوەکان و لەسەر پشتیان بیپچڕیٚ).

## هەڵوێستی دروستی جەماوەری عەرەب
## بەرانبەر بە مەسەلەی کورد لە عێراقدا ئەوەیە کە:

***(لە پێناوی ئازادی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد، بە مافی جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیشەوە بخەبتێ و دڵسۆزانە پشتیوانی لێ بکا).***

ستالین دەربارەی خەباتی چینی کرێکاری نەتەوەی سەر دەست و حاکم، لە پێناوی رزگاری نەتەوە چەوساوەکاندا دەڵێ: (بەبێ ئەم چەشنە خەباتە هەرگیز ناشێت چینی کرێکاری ناو نەتەوەی دەسەڵاتدارو حاکم بەگیانی ئەنتەرناسیۆنالیستی، بەگیانی هاوکاری لەگەڵ جەماوەری چەوساوەی ناو کۆڵۆن و وڵاتە وابەستەکان گۆش بکرێ.... هەروەها هەرگیز ناشێت پەی بە ئامادەبوون بۆ شۆڕشی پرۆلیتاریانە ببرێ خۆ ئەگەر پرۆلیتاریای رووس سۆزو پشتیوانی گەلە چەوساوەکانی سایەی ئیمپراتۆریەتی روسیای جارانی لەگەڵدا نەبوایە، نە شۆڕش لە رووسیادا سەردەکەوت و نە دەشیتوانی کوڵچاك و دینیکین لە نێو بەرێت. مادامێکی سۆزو پشتیوانی ئەم نەتەوانە سەرچاوەی سەرکەوتن بوو، بۆیە دەبوو بەر لە هەموو شتێك کۆت و زنجیری ئیمپریالیزمی رووسیا تێك بشکێنرێ و ئەم نەتەوانە لە دێوەزمەی چەوساندنەوەی نەتەوەیی رزگار بکرێت، ئەگەر ئەم کارە نەکرابایە ئەوا زۆر زەحمەت بوو دەسەڵاتی سۆڤیەتی بچەسپێ و نەمامی ئەنتەرناسیۆنالیزیمی راستەقینە بڕوێ و رێکخراوی یەکێتی کۆمارە سوسیالیستەکانی سۆڤیەت دابمەزرێ، کە نموونەی زیندووی یەکێتی گەلانە لە سایەی سیستەمێکی ئابووری جیهانی بێ هاوتادا).

**ب- هەڵوێستی جەماوەری کورد:**

بەربەرەکانی گۆشەگیری، بانگەوازی یەکێتی فیدراڵی لە نێو گەلاندا: جەماوەری کورد لە لایەکی دیکەشەوە دووچاری کێشەی پێوەندی نێوان هەردوو نەتەوەکە دەبنەوە، کە جەماوەری عەرەب لەم بارەیەوە سەری سووکە و ئەم کێشەیەی نییە ئەویش ئەوەیە کە گەلی کورد گەلێکی بندەستەو سەیر دەکەن نەتەوەی عەرەب بەشداری حوکم کردنی ئەوان دەکا —هەر چەند زۆر چاك دەزانن کە دەسەڵاتی راستەقینەی عێراق لە سەرووی کوردو عەرەبەوەیە، واتە دەسەڵاتی ئیمپریالیزمە، چونکە وەکو پێشتریش ئاماژەمان کرد ئەگەرچی سیستەمی حوکم بە ناو عێراقیە، بەڵام بەشێوە عەرەبییە، ئەگەرچی لە ناوەڕۆکدا بەریتانیاییە، بەڵام فاکتەری سەرەکی ئەم دەزگا بیرۆکراسییە عەرەبە، هەڵبەتە ئەم حاڵەتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کورد تەسك بین بێ و روو بکاتە گۆشەگیری و گومان لە نەتەوەی عەرەب پەیدا بکا، بۆیە یەکەم ئەرکی سەرشانی کوردانی مارکسیست ئەوەیە کە بەربەرەکانی تەسك بینی و نەتەوەیی و کەڵکەڵەی گۆشەگیری لە نێو رۆڵەکانی نەتەوەی خۆیدا بکا.

لە سەرێتی بەربەرەکانی ئەو رەگەزە کۆنەپەرستانە بکات کە جاڕی گۆشەگیری و گومان دەدەن و هانی دەدەن بەربەرەکانی کەڵکەڵەی گۆشەگیری لە نێو نەتەوەی چەوساوەدا، رووی دووەمی رۆشنبیراندنی جەماوەری زەحمەتکێشی عێراقە بەگیانی برایەتی و ئەنتەرناسیۆنالیستی، ئەمە خۆی لە خۆیدا تێگەیاندنی جەماوەری نەتەوەی کوردە لە حەقیقەتی ئەو بناغە مادییەی کە برایەتی هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردی لەسەر بینا دەنرێ تێگەیاندنی جەماوەری نەتەوەی

کـورده لـه زەروورەتـی هاوکـاری هـەردوو نەتەوەکـە لـە پێنـاوی رزگـاربوونی هـەردوولایان لـە کۆیلەیەتی ئیمپریالیزم. ئەمە خاڵی یەکەمەو خاڵێکی موتڵەق و گشتییە، بەڵام خاڵی دووەم کە هەر لەسەر خاڵی یەکەم بینا دەنرێ و تەواوکەرێتی ئەوەیە کە: بانگەوازی یەکێتیی فیدراڵی گەلان لە نێو زەحمەتکێشی نەتەوەی کوردی چەوساوەدا بڵاو بکرێتەوە. رەنگە لە سەرەتادا وا بێتە بەرچاو کە خەباتی جەماوەری عەرەب لە پێناوی ئازادی ماف دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد ناکۆك بێت لەگەڵ هاندانی کورد بۆ یەکێتی فیدراڵی، بەڵام ئەمە ناکۆکییەکی رواڵەتی رووتە.
لینین ئەم حاڵەتەی بەو هەوڵدانە چواندووە کە لە دوو سەری بەرانبەرەوە بۆ گەیشتنە ناوەڕاستی رۆژنامەیەك دەدرێ. حەرەکەتی دەستە راست بەرەو چەپ دێ و حەرەکەتی دەستە چەپ بەرەو دەستە راست دێ و ئەنجام لە ناوەڕاست دا یەکانگیر دەبنەوە. رەفتاری نەتەوەی عەرەب لە واقیعدا بۆچوونێکی لەبار لەلای جەماوەری کورد دروست دەکا و لە رواڵەتدا رێبازێکی پێچەوانە دروست دەکا. رەفتاری برایانەی عەرەب وەرچەرخانێکی برایانە لەلای کورد دروست دەکات و دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە. بەڵام رێبازە رواڵەتییەکە پێچەوانەیە، وەختێ نەتەوەی عەرەب بیەوێ بە تۆپزی و زۆرەملێ کوردان بداتە پاڵ خۆی، دیارە کاردانەوەی ئەم کارە لەلای کوردان دەبێ بە خەبات لە پێناوی جیابوونەوەدا، خۆ ئەگەر جەماوەری عەرەب لە پێناوی ئازادی ماف دیاریکردنی چارەنووسدا بۆ کورد بخەبتێ ئەوساکە کاردانەوەی ئەم کارە لەلای جەماوەری کورد دەبێ بەخەبات لە پێناوی یەکێتی برایانەو فیدرالیدا. پەرەسەندنی مەزنی بەرهەمهێنان و هۆیەکانی نزیك بوونەوەو پێداویستییەکانی ژیان کردیانە کارێ کە یەکێتی ئابووری لە نێو نەتەوەکاندا بە تایبەتی لە نێو نەتەوە دراوسێکاندا ببی بە پێداویستی هەرە گرنگ. سەرهەڵدان و نەش و نماکردنی بۆرژوازیەت لە هەندێ وڵاتی ئەوروپاییدا و دۆزینەوەی جوگرافیا و گەشەکردنی بازرگانی جیهانی و ئەوجا سەرهەڵدانی سەرمایەداری و گەشەکردنی بەردەوامی هۆکانی بەرهەم هێنان و گواستنەوەو هاتووچۆو پەرینەوەی ئەو پەرەسەندنانە بۆ وڵاتانی دیکەی ئەوروپایی و ئەمریکایی و هی تر، هەر هەموو ئەمانە بوونە مایەی نزیك بوونەوەی ئەو وڵاتانەی کە جاران لێکتر دوور بوون، بوونە هۆی پێوەندی نێو نەتەوەکان، بوونە هۆی پشت بەستنی هەندێکیان بە هەندێکی تریان لە بواری دابینکردنی بەشێکی تەواوی پێویستییەکانیاندا. بوونە هۆی شکانی سنووری وڵاتەکان، پاش ئەوەی لەمپەری فیوداڵی نێو هەموو نەتەوەکانی رامالی، ئیدی جۆرە تێکەڵاوییەکی لە نێو نەتەوەکانا لە گەلێك مەیدانی — چالاکی کۆمەڵایەتیدا بەرپا کرد (لە مەیدانی ئابووری و سیاسییەوە) هاتووچۆو تەندروستی و زانست و هونەر... هتد ئەم پەرەسەندنە دوو ئەنجامی بەدەستەوەدا:
**یەکەم:** هۆشیاری نەتەوەیی لە نێو نەتەوە ژێر دەستەو وابەستەکاندا: خەباتی ئەم نەتەوانە لە پێناوی ئازادی ماف دیاریکردنی چارەنووس و سەربەخۆیی تەواودا.
**دووەم:** هەڵپەی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان لە مەیدانی فراوانخوازی و داگیرکردنی کۆلۆنی دیکەدا: ئەم دوو رێبازە ناکۆکییەکی توندو تیژی لە نێو نەتەوە چەوساوەو دەوڵەت سەرمایەدارییەکاندا

دروست کرد. هەروەها ناکۆکی لە نێو خودی دەوڵەتە سەرمایەدارەکانیشیا دروست کرد کە ئەم ناکۆکییە لە قۆناغی پەرینەوەی سەرمایەداری بۆ قۆناغی ئیمپریالیستی لە ئاخرو ئۆخری سەدەی رابردوو و سەرەتای ئەم سەدەیەدا گەییە لوتکە.

شۆڕش و جەنگەکان زادەی راستەوخۆی ئەم ناکۆکیانە بوون. سەدەی نۆزدە (هەر چەندە ناوی سەردەمی ئاشتی دەوڵەتانی لێنرا) شایەدی ژمارەیەك لەم شۆڕش و جەنگانە بوو. بەڵام ئەم سەدەیەمان هەردوو جەنگی جیهانی بەخۆیەوە بینی، ئەو دوو جەنگەی کە زادەی ناکۆکییە ئیمپریالیستییەکان بوون، ئەو دوو جەنگەی کە هێشتا کارەساتەکانیان لە مێشکی مرۆڤایەتیدا نەسڕاونەتەوە، هەندێ لە ئینسان دۆستە ئایدیالیستەکان کەوتنە کەڵکەڵەی بانگەوازی دامەزراندنی حکومەتێکی جیهانی ئەوتۆ کە پێوەندی نێوان گەلان بە جۆرێکی ئاشتیانەو دوور لە جەنگ و کوشتار رێك بخا. برنادشۆو کۆمەڵەی فابیزم لایەنگرو خاوەنی ئەم رایە بوون. ئەم بیرۆکەیە لەلای لایەنە ئیمپریالیستەکانیش رەنگی دایەوە. چونکە سەیریان کرد ئەمە باشترین رێگەیە کە لە ژێر پەردەی ئەو چەشنە حکومەتەدا نەتەوە لاوازەکان بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە، کۆمەڵەی نەتەوەکان چەشنە سەرەتایەك بوو بۆ ئەو چەشنە حکومەتە جیهانییە. ئەوە بوو هەر لەوێدا هیواو کەڵکەڵە مرڤایەتییەکان رووبەڕووی پیلانە ئیمپریالیستەکانی ئەنگلۆ- فەرەنسی بوونەوەو لایەنی پیلان گێڕی ئیمپریالیستی سەرکەوت و کۆمەڵەی نەتەوەکان بە ئاشکرا فەشەلی هێناو ئەوجا رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزراو ئێرەش بوو بە مەیدانی ململانێییەکان. بەڵام ئەمجارە لەبەر بوونی یەکێتیی سۆڤیەت و دیموکراسییە میللییەکان هۆنینەوەی پیلانی ئیمپریالیستی هیواو کەڵکەڵە مرۆڤایەتییەکان لەگەڵ پیلانی ئیمپریالیستی بە هێمنی لە پەنای ئەو رێکخراوە کارێکی ئاسان نەبوو. بۆیە ئیمپریالیزمی (ئەنگلۆ- ئەمریکی) پەنایان بردە بەر لاوازکردن و پشت گوێ خستنی رێکخراوەکەو پیلان گێڕان دژ بە گەلان لە پشت نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، کەوتنە گروپبازی دوژمنانەو پێشبڕکێیەکی چەکی ئەتۆمی و غەیرە ئەتۆمی و خۆسازدان بۆ هەڵگیرساندنی شەڕێکی جیهانی نوێی وێرانکەر. بەم جۆرە بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە کەڵکەڵەی نەتەوە لاوازو چەوساوەکان بۆ سەربەخۆیی لە ناکۆکییەکی ئاشتی هەڵنەگردایە لەگەڵ کەڵکەڵەی داگیرکاری و چەوساندنەوەو کەڵەگایی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکاندا، هەر لەبەر ئەمە ئەو قاوە داکەوت کە جەنگ زادەی سەرهەڵدان و دروست بوونی دەوڵەتانی نەتەوەیی نوێیە.

حاڵبوکی جەنگ لە راستییا زادەی داگیرکاری و کەڵەگایی سیستەمی ئیمپریالیزمە. بە کورتی و بە پوختی مەسەلەکە ئەمەیە کە (هاوژینی و تێکەڵبوونی گەلان بووە بە زەروورەتێکی مێژوویی حاشا هەڵنەگر ئایا دەشێت ئەم هاوژینی و تێکەڵ بوونە بە باری هاوکاری ئاشتییانەدا بخرێ یا هەر دەبێ بە باری چەوساندنەوەو ئەوجا شەڕدا بکەوێتەوە؟ دیارە وەڵامی ئیمپریالیزم بۆ ئەم پرسیارە شەڕو زەبرو زەنگ و چەوساندنەوەو پاشان هەڵگیرسانی شەڕە، هەموو ئەزموونەکانی رابردوو، ئەم وەڵامە دەسەلمێنن. بەڵام تەجرەبەو ئەزموونی سۆڤیەتی ئەوە ساغ دەکاتەوە کە یەکێتی فیدرالیی برایانەی نێوان گەلان لە گوین و زەروورییە. گەلانی سۆڤیەتی بۆ یەکەم جار لە مێژوودا یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەی ئازادو یەکسانیان دامەزراند. ئەوە بوو نەك هەر رێگا

لەبەردەم گەلانی چەوساوەی ناو زیندانی فەرمانڕەوایی رووسیای تزاری کرایەوە کە گەشە بە رۆشنبیری نەتەوەی خۆ بدەن، بەڵکو زەمینە خۆشکرا بۆ ژیانەوەی رۆشنبیریان بە مەرجێك لە نێوەرۆکدا سۆسیالیستی بێت. ئەم یەکێتییە ئارەزوومەندانەیە لەسەر یەك بناغەی جەوهەری هاتە رۆنان کە ئەویش نەهێشتنی چەوساندنەوە بوو، ئەم یەکێتییە ئازادە (نموونەی زیندوو–ستالین–ە) دەشێت هەموو جیهان بگرێتەوە ئەگەر لە ئیمپریالیزم رزگار ببێ.

لینین دەڵێ: (سەرمایەداری لەکێشەی نەتەوەیی و بزاڤە نەتەوەییەکاندا دوو رێباز دەناسێت و دەزانێت).

**یەکەم:** بێداربوونەوەی ژیانی نەتەوەیی و هەموو بزاڤ و خەباتێك دژی هەر چەوسانەوەیەکی نەتەوەیی و پاشان دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی.

**دووەم:** پەرەسەندن و نەشونماکردنی هەموو جۆرە تێکەڵاو بوونێك لە نێوان نەتەوەکاندا، شکاندنی لەمپەرە نیشتمانییەکان و دروست بوونی یەکێتی نێودەوڵەتی لە بواری ژیانی ئابووری بەگشتی و لە بواری سیاسەتو زانست و... هتد، هەردوو رێبازەکە یاساو رێسای سەرمایەدارین. رێبازی یەکەم لە سەرەتای پەرەسەندن و دروست بوونی سەرمایەداریدا باو دەبێ، رێبازی دووەم لە قۆناغی سەرمایەداری پێگەیشتوودا دەست پێ دەکات کە بەرەو کۆمەڵگەی سۆسیالیستی دەڕوات) ستالین دەربارەی ئەمە دەڵێ: (ئەم دوو رەت و رێبازە بۆ ئیمپریالیزم دەکاتە دوولێکدژی هەمیشەیی. چونکە ئیمپریالیزم ناتوانێ گەلان یەك بخات تەنیا بەداگیرکردن و سەرکوتکردنی ئیمپریالیانە نەبێ، بەڵام بۆ کۆمۆنیزم بە پێچەوانەوە ئەو دوو رێبازە دەکەنە دوو رووی یەك ئامانج، ئامانجی رزگارکردنی نەتەوە چەوساوەکان لە نیری ئیمپریالیزم، چونکە کۆمۆنیزم دەزانێ کە یەکێتی نێو گەلان لە سایەی یەك سیستەمی ئابووری جیهانیدا دەشێت لەسەر بناغەی متمانەی هاوبەش و رێکەوتنی ئارەزوومەندانە رۆبنرێ، دیارە یەکێتی ئارەزوومەندانەی گەلان دەکاتە جیابوونەوەی کۆلۆنییەکان لە ئیمپریالیزم و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان). هەمان سەرچاوە ل ٧٤– ٧٥.

دوو خاڵ ماوە پێویستە ئاماژەیان بۆ بکەین:

**یەکەم:** مەسەلەی یەکێتی ئارەزوومەندانە، مەسەلەیەکی رەهانییە کە دەبێت لە هەموو شوێن و کاتێکدا جێبەجێ بکرێت. لینین دەڵێ: "لەلایەکی دییەوە سوسیالیستی سەر بە نەتەوەی بچووك لە سەرێتی لە بانگەشەو بۆچوونەکانیدا پێ لەسەر بەشی دووەمی پرانسیپە گشتییەکەی – یەکێتی فیدرالی– نێوان گەلان دابگرێ. بۆی هەیە بێ ئەوەی وەکو ئەنتەرناسیۆنالیستێك لە ئەرکەکانی خۆ لابدات، یان حەز بکات نەتەوەکەی لە رووی سیاسییەوە سەربەخۆیی خۆی هەبێت یان بچێتە ناو دەوڵەتێکی دراوسێوە.... هتد. لەسەرێتی لە هەموو حاڵەتەکاندا دژی تەنگ بینی و تەنگ فیکری و لە خۆبایی بوونی نەتەوەیی بچووك بخەبتێ، لە سەرێتی لە پێناوی دان نان بە گشت و لە رای بەرژەوەندی گشتیدا بخەبتێ و بەرژەوەندی تایبەتی بخاتە خزمەتی بەرژەوەندی گشتییەوە). (بڕوانە ستالین– بنەماکانی لینینیزم).

دووەم: پێداویستییە ئابوورییەکان بناغەی گشتی و هەمیشەیی یەکێتی فیدراڵی ناو گەلانە، کەچی لەسایەی باروزروفی ئیمپریالیزمدا ئیعتباراتی سیاسی سەنگێکی گرنگی هەیە، گەرچی ئەم ئیعتبارە سیاسیانە لە هەناوی رووداوێن دیاریکراوەوە خۆی مەڵاس داوە، چونکە لایەنە ئیمپریالیستەکان هەر کە دەرفەتی بۆ بڕەخسێ رووداوەکان دەقۆزێتەوەو دژ بە ئازادی گەلان بەکاری دەهێنێ. بە باوەڕی ئێمە هەردوو کۆماری ئازەربایجانی دیموکراسی و کۆماری دیموکراسی کورد لە ئێران، لە سەرەتای دامەزراندنیاندا وایان بە چاك زانی لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێرانی کۆنەپەرستا وەمێنن تا رێگا لە گشت پیلانە ئیمپریالیستەکانی ئەنگلۆ-ئەمریکی ببەستنەوە.

بە کورتی و پوختی خەبات دژ بە گۆشەگیری میللەتانی بچووك شتێکی گشتی و موتڵەق و هەمشەییە، بەڵام بانگەوازی یەکێتی فیدراڵی لە نێو میللەتاندا موتڵەق نییەو لە مەیدانی پراتیکدا پەیوەستە بە بارودۆخی رووداوەکانەوە.

**بە باوەڕی ئێمە و بەپێی باروزروف ئابووری و سیاسی ئێستای عێراق بانگەوازی کوردە دیموکراسی خوازەکانی عێراق بۆ یەکێتیی فیدراڵی بانگەوازێکی دروست و بەجێ بووە.** بە کورتی -چارەسەری مەسەلەی کورد لە عێراقدا لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆ دەنوێنێ:

١- خەباتی جەماوەری عەرەب لە پێناوی ئازادی ماف دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد، بە ماف جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆشەوە.

٢- خەباتی بێ پایانی پێشکەوتووخوازانی کورد دژ بە کەڵکەڵکەی گۆشەگیری لە نێو جەماوەری کوردو هاندانیان بۆ یەکێتیی فیدراڵی لەگەڵ عێراقدا (لە بارو زروف ئێستادا).

بەڵام ئەم خەبات و تێکۆشانە بە هەردوو لایەنەکەیەوە، لەلایەکەوە بەشێکی لەجیابوونەوە نەهاتووی بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانییە دژ بە ئیمپریالیزم و نۆکەرە ناوچەییەکانی و لەلایەکی ترەوە، بەشێکە لە خەباتی گشتی دژ بە ئیمپریالیزم بە تایبەتی دژ بە پیلانە جەنگییە دوژمنکاریەکانی ئەنگلۆ - ئەمریکی.

<u>**تێبینی:**</u>

ئەم بەرهەمە لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا لەلایەن عەزیز شەریفی دۆستی کوردەوە نووسراوەو، بەندە لە هەشتایەکاندا، لە چیاو بەدەم پێشمەرگایەتییەوە کردم بەکوردی و لە یەکێك لە ژمارەکانی گۆڤاری کەلتووردا، کە بە داخەوە بە نوسخەی زۆر کەم چاپ دەبوو، بڵاوم کردەوە. بۆیە لەبەر بایەخی مێژوویی بەرهەمەکە و وەکو ئەمەکدارییەك بۆ دۆستایەتی نووسەرەکەی و بۆ ئاگاداری نەوە تازەکانمان لەو بۆچوونە واقیعیانەی کە شەریف دەرهەق بە دۆزی کورد هەیبووەو، بە مەبەستی سووربوونتر لەسەر داوای فیدراڵیەت بۆ کوردستان کە لەم قۆناغەدا کەمە، زۆر نییە، بە پێویستم زانی دووبارەو وەکو خۆی بڵاوی بکەمەوە.

ح. ك. عارف

## حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لەساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

* جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ئیدی ئەندامی هیچ حیزب و رێکخراوێکی سیاسی نەبووە، لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ئێستا راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.

- زۆر بەرهــەم و کتــێبی چــاپ و بــڵاو کردووەتــەوە، لــێ زۆربــەی هــەرە زۆریـان، بـە تایبـەتی ئەوانـەی لـە چیادا چاپ بـوون بـە نوسـخەی هێنـدە کـەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩
٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧
٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨
٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ
٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥
٨- نـامۆ، رۆمـان، ئـەلبیر کـامۆ، چـاپی یەکـەم، شـاخ١٩٨٧چـاپی چـوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی
٩- رێبـەر، رۆمـان، مەهـدی حـسین، چـاپی یەکـەم (شـاخ) ١٩٨٣، چـاپی دووەم، ٢٠٠٧
١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راە کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.
١١- هاومالـەکان، رۆمـان، ئەحمـەد مـەحمود، چـاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگـای گوڵان
١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦
١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دوورە وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکـەم ٢٠٠٣ کتێبخانـەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦- چـیرۆکەکانی سـەمەدی بیهرەنگـی، چـاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانـەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩- جـێ پـێ (کۆمەڵـە چـیرۆکی فارسـی) چـاپی یەکـەم ٢٠٠٦،نووسـەرانی کەرکوك
٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی

٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك
٢٢-دیدارو دەقو رەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك
٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی چوارەم ٢٠٠٧
٣١ -کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١(        )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)
٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

---

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای
٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)

٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨

٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی - کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی

٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی

٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست

٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

٦٠- خافروغ لە شیعر دەدویٚ، ژیان و بەرهەمی

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان

٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٦- ریالیزمودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز

٦٧- قوتابخانــه ئەدەبییــەکان،رەزا ســەید حــسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگــای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦
٧٤- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ٢٠٠٧،١
٧٥- دەربارەی رۆمان و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨
٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك
٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩
٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤
٨٠- خیانەتی حەلاڵ، حەمە کەریم عارف

* لە راپەرینـەوە تـا نهـوو چـالاکانە بەشـداری بزاڤـی ئـەدەبی و رۆشـنبیریی کـوردی دەکـات وبەرهـەمی هەمـە جـۆر (نووسـین و ئامـادە کـردن و وەرگێـڕان) بڵاودەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هـەر کـەس و گـروپ و لایـەن و دەزگایـەك تـەماحی بڵاو کردنـەوەی هـەبن، دەبێ پـرس بـە نووسەر بکات...